# ئیرادەی نەتەوە و لۆژیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم وەرچەرخانی تەنگژە و کارەستاتێکی گەورەدا



# ڕەفتارە دڕندەکانی سەدام و حزبی بەعس
# لە تەفسیری شیعەگەرایی بۆ دەستوور
# دژی کوردستان دووبارە دەبێتەوە



تەنگژە و کارەسات، ئاماژەن بۆ حاڵەتێکی نەخوازراو و مەزندە بۆ نەکراو لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی هەر نەتەوەیەکدا، ئەمەش بەو مانایەیە کە نەتەوە رووبەڕووی کارەساتێکی خراپ بۆتەوە و ئەگەر بە یەکگرتوویی و بەپەلە پێش بەم کارەساتە خراپە نەگیرێت، ئەوا لەوانەیە هەڕەشەیەکی جددی لە سەر کیان و قەوارەی ئەو نەتەوەیە دروست بکات.

ئامانجی یەکەم لە هەنگاوهەڵگرتنی بەپەلە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر تەنگژە و کارەساتێك ئەوەیە کە نەتەوە لەوە دڵنیا ببێتەوە کە مەترسییەکانی ئەو تەنگژەیە ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە، هەر بۆیە تەنگژە و کارەسات ئاماژەیە بۆ قۆناخێکی نائاسایی راگوزەر و ناتوانرێت وەك بارودۆخێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەم کاتانەدا تاکەکانی نەتەوە بەوجۆرە سەیری سەرکردەکانیان دەکەن، بەوەی پێویستە هەموو رێگەیەك بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ریگەیەك بدۆزێتەوە و نەتەوە ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنێت. بەڵام گرتنەبەری رێگەچارەی گونجاویش لەلایەن سەرکردەکانەوە بۆ دەربازبوون لەم تەنگژەو کارەساتانەی بارودۆخەکە بەدوای خۆیدا هێناویەتی، پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی نێوانی حکومەت و هاووڵاتیان و حزبە سیاسییەکان و تەواوی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو نەتەوەیە هەیە و دەبێت لەم قۆناخە راگوزەرەی نەتەوە بە هۆی مەترسییەکانی ئەو تەنگژەیەوە رووبەڕووی دەبێتەوە، بگەنە قەناعەتی تەواو کە تەنیا رێگە بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم تەنگژەیە لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی تەواوی لایەنەکان بۆ حکومەتی نیشتمانی خۆیان بەرجەستە دەبێت و، ئەوەی روویداوە، تەنگژەو کارەساتێکی دەستکردی دوژمنانە بۆ شکاندنی ئیرادە و کەرامەت و ئامانج لێی سڕینەوەی ئەو قەوارە سیاسییە بووە کە نەتەوەیەك شانازی پێوە دەکات. هەربۆیە ناشێت و ناکرێت لەناو تەنگژە و کارەساتی لەمجۆرەدا، حزبە سیاسییەکان هەوڵبدەن مۆنۆپۆڵی ئەم بارودۆخە بۆ بەرژەوەندی حزبیی خۆیان بکەن و کەلێنێك لە نێوان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی دروست بکەن، یان هەوڵبدەن ئاکامی ئەم کارەسات و تەنگژەیە بخەنە ئەستۆی بەرپرسانی ئێستای حکومەت، یان لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، خۆ ئەگەر خوانەخواستە حزبێك، یان لایەنێکی سیاسی بەوجۆرە هەوڵبدات کە قۆناخی تەنگژە و کارەساتی نەتەوە وەك دەرەفەتێك وەربگرێت بۆ بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆی، ئەوا جیا لەوەی خۆی دەبێتە بەشێك لەو تەنگژە و کارەساتەی کە دوژمنان دژی ئیرادەی نەتەوە دروستیان کردووە، لە هەمانکاتدا خۆشی دەبێتە قوربانیی ئەو پیلانەی کە دوژمن دژی نەتەوە دایڕشتووە و ئەگەر ئەو ئامانجەی دوژمن بێتەدی کە سڕینەوەی ئەو قەوارە سیاسییەیە کە تاکەکانی نەتەوە شانازی پێوە دەکەن، ئەوا ئەوکات ئەو حزبە، یان ئەو لایەنە سیاسییەش وەك کاراکتەرێکی سیاسی بوونی نامێنێت، لەمەش زیاتر خۆی دەبێتە فاکتەرێك بۆ نەمانی ئەو گۆڕەپانە سیاسییە نیشتمانییەی کە پێویستە وەك کاراکتەرێکی سیاسی رۆڵی خۆی تێدا نمایش بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

## • یاریکردن بە تەفسیری دەستوور بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە

ئەو رۆڵەی دراوە بە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان لە ٢٥ ئەیلوولی رابردووەوە، زۆر لە شان و شەوکەوتی تەنکنۆکراتێکی وەك عەبادی گەورەترە، لەگەڵ ئەوەی باجی ئەم مامەڵەیەی عەبادی بە تەنیا گەلی کوردستانی تێدا زەرەرمەند نابێت، بەڵام هەتا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مەترسییەکانی ئەم ئاراستە خراپەی عەبادی بە هۆش خۆیان دێنەوە و هێڵی سووری بۆ دیاریدەکەن، ئەوا گەلی کوردستان دەبێت لەوە دڵنیابێت بێجگە لە پشتیوانی خوا و چیاکانی کوردستان دۆستێکی دیکەی نییە، بۆیە دەبێت بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆی و لۆژیکی حکومەتەکەی رێگە بگرێت لەو دەرهاویشتە خراپانەی مامەڵەی خراپی حەیدەر عەبادی بە دوای خۆیاندا دەهێنێت. ئەمەش راشکاوانە گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە حەیدەر عەبادی، ئەگەر ئەو بەوە خۆشخەیاڵە کە دەتوانێت بە

هەر هێندەی عەبادی ناچار کرا کە بێتە سەر مێزی دانوستاندن لەسەر بنەمای دەستوور، خودی دەستوورەکە دەبێتە ئەو داوە جاڵجاڵۆکەییەی کە نە بە ئاسانی عەبادی لێی دەرباز دەبێت، نە میلیشیا و لایەنە پرۆئێرانییەکانی شیعە چیدیکە بواری ئەوەیان پێدەدرێت لە ژێر سەقفی دەستووردا تەراتێنی تائیفی بکەن و پیلانی ترسناک دژی کوردستان دابڕێژن

عەبادی و دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا بە جۆرێک داخ و قینی دڵی خۆیان بەرامبەر کوردستان هەڵڕشتووە، کە زەحمەتە هیچ کوردو کوردستانییەک بتوانێت وەک سەرۆک وەزیرانێکی نیشتمانی سەیری بکات

گوشار و پەنابردنی بۆ هێزی سەربازی ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێنێت، ئەوا دەبێت لەوە دڵنیابکرێتەوە چۆن تەنیا سێ ساڵ لەمەوبەر لەبەرامبەر هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش، گەلی کوردستان پشتیوان بە خواو بە ئیرادەی خۆی شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ داعشدا ڕاگەیاند و پاشانیش جیهان پشتگیری لێکرد و ئەفسانەی داعشی بەتاڵکردەوە، ئەوا ئەگەر ئەمجارەش بە شێوەیەکی دیکە ناچار بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەرگری لە کەرامەت و ئیرادەی خۆی دەکات و هەمان بڕیاری مان و نەمان دەدات، ئەوجا ئاکامی ئەم بڕیارە هەر چییەك بێت، لەمێژە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ملی ئەو ڕێگایەی کردووە (چی دەبێت با ببێت).

لەئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕاستییە تێگەیشتووە، ئامانجی حکومەتەکەی عەبادی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و خوێنڕشتنە، بەڵام هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردۆتەوە بە هەر شێوازێك دەگونجێ ڕێگە لەم خوێنڕشتن و کاولکارییە بگرێت، بەرگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە میحورەکانی پردێ و سحێلا و پیشخاپوور، پەیامێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ بەهۆش هاتنەوەی عەبادی و حکومەتەکەی کە ناتوانێت بە زەبری هێز هیچ شتێك بەسەر کوردستاندا فەرز بکات، بۆیە باشترە ئەوان دەستبەرداری ئەقڵییەتی لۆژیکی هێز بن و بگەڕێنەوە بۆ هێزی لۆژیك بۆ ئەوەی تەواوی کێشەکانی نێوان عێراق و کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا جێبەجێ بکرێت.

عەبادی و تەواوی سیاسەتمەدار و فەرماندەکانی حەشدی شیعە زۆر باش لەو ڕاستییە ئاگادارن، فاکتەری سەرەکی کە بووە هاندەر بۆ ئەوەی کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدات، ئەوە بووە کە دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق ئامادە نەبوون دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ جێبەجێ بکەن. دیارە هەموو لایەکیش ئاگادارە کە لایەنی سەرەکی لە یاخیبوون لە دەستوور و خۆدزینەوە لە ڕێککەوتنی هەولێر، نوری مالیکی سەرۆکی حزبی دەعوا بووە، ریفراندۆم بەکارهێنانی کارتێك بووە لەلایەن کوردستانەوە بۆ ئەوەی شیعەی عێراق ناچار بکات پابەندبن بە دەستوورەوە، هەروەها ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە حەیدەر عەبادییش دراوە و ڕاشکاوانە پێی گوتراوە: (ئەگەر ناتوانن ئەم دەستوورە جێبەجێ بکەن و درێژە بە پێکەوەژیانی کوردستان و عێراق بدەن، باشترە بۆ میکانیزم و بەدیلێکی دیکە بگەڕێن و پەنا بۆ شەڕ و خوێنڕشتن نەبەینەوە و دوو دراوسێی باش بین لەگەڵ یەکتری باشترە لەوەی لەناو یەك وڵاتدا شەڕی یەکتری بکەین). ئەم پەیامە بۆ ئێستاش هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووەو لەداهاتووشدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، بەڵکو ئەوەی ئێستا حکومەتی کوردستان دەیکات و ئامادەباشی تەواوی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی دەستووری ٢٠٠٥ وەك یەك دیکۆمێنت هەمووی پێکەوە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەیە جیهان لەو ڕاستییە باشتر تێبگات کە نەك هەر عەبادی، بەڵکو سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بێت، یان موقتەدا سەدر، یان هادی عامری و قەیس خەزعەلی و .. هتد، هیچ کامیان ناتوانن پابەندی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە بن کە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش داوای جێبەجێکردنی دەکەن.

**داگیرکردنەوەی کەرکووک لەلایەن میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە، ناکرێت وەک پرسێکی ناوخۆی عێراقی سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک هەنگاوێکی دیکەی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی بخوێندرێتەوە**

گرنگە تەواوی هاووڵاتیان و حزبە سیاسییەکانی کوردستان، لەم بازنەیەدا نەرمی نواندن و پێداگریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وتووێژ و دانوستاندن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بخوێننەوە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا پشتگیریی حکومەتی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لانیکەمی ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستانی لەخۆی گرتووە و وەك نەخشەیەکی ڕێگە لەلایەن کوردستانییانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق سەیر دەکرێت، ئەوا دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق ئامادە نین لانیکەمی ئەو ماف و داخوازییانەی گەلی کوردستان بسەلمێنن، بۆیە ئەم عینادی و لووتبەرزییەی ئێستا حکومەتەکەی عەبادی تووشی بووە، پرسێك

**عەبادی بەنیازە لەمیانەی درێژەدانی بە سیاسەتی سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان، یەکریزی و یەکهەڵوێستی خەڵک و حزبە سیاسییەکان بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان شکست پێبهێنێت**

**لەلای دەسەڵاتدارانی ئێران لە دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک لە ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردووە و ئیدی شتێک نەماوە ناوی کوردستان بێت لە عێراقدا. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم خەونی حوشترە کە عێراق دەکاتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی فارسی بۆ ئێران دەچێتە سەر، هەتا بۆ عەبادی و دەسەڵاتدارەکانی دیکەی شیعەی عێراق بچێتە سەر؟**

**ئێستا عەبادی دەکەوێتە بەردەم قۆناخێکی هەستیار لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و دەبێت بیسەلمێنێت، ئایا عەبادی ئەو کەسەیە کە داکۆکی لە دەستوور و دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی عێراق دەکات، یان ئەمیش وەک ئەوانی دیکە، دەستووری کردۆتە پەردەیەک بۆ ئەوەی مەرامی تائیفەگەرایی شیعە و کۆپیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا پێ بشارێتەوە**

نییە پەیوەندی بە ئەنجامدانی ریفراندۆم، یان کێشەی حکومەتی عەبادی لەگەڵ لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوی کوردستان بێت، نەخێر کێشەی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق لەگەڵ تەواوی ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستانە، یاخیبوونە لەو دەستوورەی کە خۆیان دەنگیان پێداوە، پەشێمان بوونەوەیە لە هەموو ئەو بەڵێن و هاوپەیمانییەی نێوان کورد و شیعە کە کردیانە پرد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و ملهوڕیکردن بەرامبەر کوردستان.

ئاشکرایە قۆناخی گرنگ بۆ پشتگیریکردنی نێودەوڵەتی لەمافە دەستوورییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، لەدوای هەڵوێستە لۆژیکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری تەواوی خەڵك و حزبەکان بۆ ئەم حکومەتە دەست پێدەکات، ئەمەش راشکاوانە لە پەیامەکانی سەرۆکی فەرەنساو وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان رەنگی داوەتەوە، بەوەی هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە رێز لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەگرن، ئەم پشتگیرییانە بۆ مافە دەستوورییەکانی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، دەستپێکی قۆناخێکی دیکەیە لە پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراقدا، دەرخستنی ئەو راستییە شاراوانەیە کە جیهان تێدەگات، سەرچاوەی هەموو کێشەکان و رەگ و ریشەی ناسەقامگیری و تایفەگەری لە عێراقدا، ئەو لایەنە لێی بەرپرسیارە کە خۆیان پێش هەر لایەکی دیکە لە دەستوورەکە یاخیبوون، بۆیە ئێستا عەبادی دەکەوێتە بەردەم قۆناخێکی هەستیار لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و دەبێت بیسەلمێنێت، ئایا عەبادی ئەو کەسەیە کە داکۆکی لە دەستوور و دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی عێراق دەکات، یان ئەمیش وەك ئەوانی دیکە، دەستووری کردۆتە پەردەیەك بۆ ئەوەی مەرامی تائیفەگەرایی شیعە و کۆپیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا پێ بشارێتەوە.

### ● غرووری شیعە و عەبادی
### لەناو داوی جاڵجاڵۆکەیی دەستووری عێراقدا

لە یەك دوو رۆژی رابردوو نووسەرێکی عەرەب وتارێکی لە سایتی ئیلاف بە ناونیشانی (عەبادی لەنێوان دەستپێشخەرییەکانی نێچیرڤان بارزانی و حوسێن دەهقان) بڵاوکردۆتەوە و تیایدا ئاماژەی بە قسەکانی حوسێن دەهقانی وەزیری بەرگری ئێران کردووە کاتێك روودەکاتە هەموو سەرۆکە عەرەبەکان و دەڵێت: (پێویستە لەسەرتان باش لە بیرتان بێت کە چارەنووسی ئێوەش لە چارەنووسی سەدام حوسێن باشتر نابێت، ئێستا عێراق بەشێکە لە ئیمپراتۆریەتی فارسی و جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە باوەشی عەرەبی و ئەو عەرەبانەی ئێستا لە عێراق دەژین دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بیابان و لەو شوێنەوەی کە بۆی هاتوون)، لەبەرامبەر ئەمەدا هەمان نووسەر ئاماژەی بە ئامادەباشی و دەستپێشخەرییەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردووە کە دوای ئەوە دەکات وتووێژ و دانوستاندن لەچوارچێوەی دەستووری عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەست پێبکات، لەبەرامبەر ئەم دوو هەڵوێستە نووسەر پرسیاری ئەوەی لە عەبادی کردووە، بەوەی ئایا چۆن وەڵامی دەستپێشخەرییەکانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانی داوەتەوەو چۆنیش لە ئاستی قسەکانی حوسێن دەهقاندا بێدەنگی هەڵبژاردووە؟

دیارە ئەم بەراوردە کۆمەڵێك وەڵامی فرەڕەهەند لەخۆی کۆدەکاتەوە و پرسەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە عەبادی بە لووتبەرزی و غرووری مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵکو لایەنێکی کە زۆر راشکاوانە هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە عەبادی ناتوانێت بچێتە ژێر باری جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، بۆیە دەیەوێت بە بیانووی جۆراوجۆر دەستپێکردنەوەی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دوابخات، بەڵام لایەنی مەترسیداری ئەم بەراوردە کە قسەکانی حوسێن دەهقانە و عەبادی بە باش و بە خراپ خۆی لێ بێدەنگ کردووە، ئەوەیە کە ئەوەی حوسێن دەهقانی وەزیری بەرگری ئێران بەرامبەر بە عێراق و پێکهاتەی عەرەبی سوننە دەیڵێت، لای عەبادی راستی و دانپێدانراوە و ئەویش هەمان ئامانجی هەیە، سەبارەت بە کوردستانیش کە دەهقان لە چوارچێوەی عێراقدا ئاماژەی

پێنەکردووە، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە لەلای دەسەڵاتدارانی ئێران لە دوای داگیرکردنەوەی کەرکووك لە ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردووە و ئیدی شتێك نەماوە ناوی کوردستان بێت لە عێراقدا. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم خەونی حوشترە کە عێراق دەکاتە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی فارسی بۆ ئێران دەچێتە سەر، هەتا بۆ عەبادی و دەسەڵاتدارەکانی دیکەی شیعەی عێراق بچێتە سەر؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە سەبارەت بە عەرەبی سوننەی عێراق کە دەهقان پێیان دەڵێت عەرەبی بیابان، دەبێت وڵاتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیدەنەوە، سەبارەت بە کوردستانیش دەبێت بەپلەی یەکەم ئیرادەی خەڵك و حزبەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بیداتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ئەو پەردەیە هەڵبماڵدرێت کە ئێستا عەبادی نوێنەرایەتی شیعەی پێدەکات و هەروەها عەبادیش بخرێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورس بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بۆ ئەوەی نییەت و ئامانجی ئێران و شیعەی عەرەبی عێراق بۆ جیهان باشتر ئاشکرا بێت.

ئەوەی هەتا ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان رووی عەبادی هەڵماڵیوە لەسەر ئاستی میدیای عەرەبی و جیهانی، ئەوەیە کە ئەو هێزەی هێرشی کردۆتە سەر کەرکووك و داگیری کردۆتەوە، نەك راستەوخۆ بە فەرمانی عەبادی وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق جووڵەی پێکراوە، بەڵکو راستەوخۆ دوای رێککەوتنی قاسم سولەیمانی لەگەڵ هەندێك لەوانەی خیانەتیان لە بەرگریکردن لە کەرکووك کرد، فەرمان دراوە بە میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی کەرکووك داگیر بکەنەوە.

عەبدولرەحمان راشدی سەرنووسەری پێشتری رۆژنامەی شەرقولئەوسەت و نووسەری دیاری عەرەب، سەبارەت بە هەنگاوە دوژمنکاری و فراوانخوازییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، لە وتارێکیدا راشکاوانە ئەو راستییەی خستۆتەڕوو کە چۆن بە فەرمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران کەرکووك داگیر کراوە، بۆیە ئەو نووسەرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە داگیرکردنەوەی کەرکووك لەلایەن میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە، ناکرێت وەك پرسێکی ناوخۆی عێراقی سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەك هەنگاوێکی دیکەی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی بخوێندرێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان عەبادی کەوتۆتە ناو داوی جاڵجاڵۆکەیی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، لەبەر ئەوەی عەبادی بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا، دەستووری کردە چەکێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا پێویستە پابەندبوونی بە تەواوی دەستوورەکەوە بسەلمێنێت، ئەوەش تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی عەبادی بە سەرکەوتوویی لێی دەربچێت، خۆ ئەگەر عەبادی نەتوانێت پابەندبوونی خۆی بە دەستوورەکەوە بسەلمێنێت، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی دیکەی لەبەرامبەر دەگرێتە بەر و بەو ئاسانییە بۆی ناچێتەسەر. عەبادی لەم مەترسییەش تێگەیشتووە، کە نە دەتوانێت دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکات، نە دەشتوانێت خۆی لە جێبەجیکردنی دەستوورەکەش بدزێتەوە، یان خۆی لە دەستوورەکە یاخی بکات، بۆ ئەمەش وەك رۆژی شەمەی رابردوو لە میانی قسەکانیدا ئاماژەی پێکرد: (بۆ دەستپێکردنی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستمان بە لایەنی سێیەم نییە)، عەبادی لەم قسانەی مەبەستی ئەوەیە کە وەك لایەنی براوەی شەڕ دەستوورەکە تەفسیر بکات و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەوەی فەرامۆش کردووە کە دەستووری عێراق لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای کۆمپرۆمایز و سازانی نیشتمانی نووسراوە بۆ ئەوەی هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بەرامبەر پێکهاتەیەکی دیکەی عێراقی خۆی بە براوە نەزانێت، هەروەها ئەم دەستوورە بەو جۆرە نووسراوەتەوە کە زۆرینە نەتوانێت خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێت، لەمەش زیاتر ئەم دەستوورە بەو جۆرە داڕێژدراوە کە هیچ پێکهاتەیەك نەتوانێت

**قۆناخی گرنگ بۆ پشتگیریکردنی نێودەوڵەتی لەمافە دەستوورییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، لەدوای هەڵوێستە لۆژیکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری تەواوی خەڵک و حزبەکان بۆ ئەم حکومەتە دەست پێدەکات، ئەمەش راشکاوانە لە پەیامەکانی سەرۆکی فەرەنساو وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان رەنگی داوەتەوە**

**کێشەی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق لەگەڵ تەواوی ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستانە، یاخیبوونە لەو دەستوورەی کە خۆیان دەنگیان پێداوە، پەشیمان بوونەوەیە لە هەموو ئەو بەڵێن و هاوپەیمانییەی نێوان کورد و شیعە کە کردیانە پرد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و ملهوڕیکردن بەرامبەر کوردستان**

**سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بێت، یان موقتەدا سەدر، یان هادی عامری و قەیس غەزعەلی و .. هتد، هیچ کامیان ناتوانن پابەندی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە بن کە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش داوای جێبەجێکردنی دەکەن**

**لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕاستییە تێگەیشتووە، ئامانجی حکومەتەکەی عەبادی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و خوێنرشتنە، بەڵام هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردۆتەوە بە هەر شێوازێک دەگونجێ ڕێگە لەم خوێنرشتن و کاولکارییە بگرێت**

**لەگەڵ ئەوەی باجی ئەم مامەڵەیەی عەبادی بە تەنیا گەلی کوردستانی تێدا زەرەرمەند نابێت، بەڵام هەتا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مەترسییەکانی ئەم ئاراستە خراپەی عەبادی بە هۆش خۆیان دێنەوە و هێڵی سووری بۆ دیاریدەکەن، ئەوا گەلی کوردستان دەبێت لەوە دڵنیابێت بێجگە پشتیوانی خوا و چیاکانی کوردستان دۆستێکی دیکەی نییە**

بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم دەستوورە هەموار بکات و، ئەگەر ئەم دەستوورە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێت، دەبێت دوو لەسەر سێی ٣ پارێزگا ڕەتی نەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە نە عەرەبی شیعە بە تەنیا و نە بە هاوپەیمانی عەرەبی شیعەو سوننەش پێکەوە، ئەم دەستوورە لەدژی خواستەکانی گەلی کوردستان هەموار ناکرێتەوە، هەر بۆیە کاتێک عەبادی ناچار دەبێت مل بدات بۆ دانوستاندن لە چوارچێوەی ئەم دەستوورە، ئەوا ئەم دانوستاندنە تەنیا دانوستاندن نابێت لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، بەڵکو چاودێری نێودەوڵەتیش بوونی دەبێت و هاوکاری هەردوولا دەبن بۆ تەفسیر و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو دەستوورە.

لەئێستادا و پاش ئەوەی سیناریۆی جێبەجێکردنی دەستووری ئیتیحادی کە ببووە چەکێك بە دەستی حکومەتی عەبادییەوە، لەلایەن سیاسەتی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەکەی پێچەوانە کرایەوە، ئێستا هاوکێشەیەکی جیاواز لەو هاوکێشەیەی شیعەو عەبادی ئومێدیان بۆ دەخواست هاتۆتەکایەوە کە عەبادی دەخاتە گۆشەیەکەوە کە نەتوانێت بە ئاسانی لێی دەرباز بێت، بەڵام خاڵی بەهێزی عەبادی لەناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا کە دەیەوێت خۆی پێ ڕزگار بکات، یاریکردنە بە کات لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و درێژەدانە بەو سزا ئاسمانی و ئابوورییانەی بە سەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندوویەتی، عەبادی بەنیازە لەمیانەی درێژەدانی بە سیاسەتی سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان، یەکریزی و یەکهەڵوێستی خەڵك و حزبە سیاسییەکان بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان شکست پێبهێنێت، بەڵام هەر خودی عەبادی لەمیانەی پێداگیریکردنی لەسەر توندکردنی گوشارەکانی لەسەر کوردستان و مامەڵەی خراپ و تائیفەگەریی شۆڤێنییانەی لە ناوچەکانی کەرکوك و دوزخورماتوو، هەروەها هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق و ئیهانەکردنی خەڵکی کوردستان لەژێر ناوی ناردنی مووچەی فەرمانبەران، ئەو لایەنەشی کە تا دوێنێ دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، ئەمڕۆ ئەوانیش پەردی تەحەمولیان لەبەرامبەر ڕەفتارە نامرۆڤایەتییەکانی عەبادی ڕووخاوە و ئەوەی عەبادی هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، وەك بەزاندنی هێڵی سوور پێناسەی دەکەن و بە شکاندنی ئیرادە و کەرامەتی خەڵکی کوردستان لە قەڵەمی دەدەن.

کەواتە ئەم واقیعە ئەوەمان پێدەڵێت کە عەبادی و دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا بە جۆرێك داخ و قینی دڵی خۆیان بەرامبەر کوردستان هەڵڕشتووە، کە زەحمەتە هیچ کوردو کوردستانییەك بتوانێت وەك سەرۆك وەزیرانێکی نیشتمانی سەیری بکات، یان حکومەتەکەی عەبادی وەك حکومەتێکی ئیتحادی و نیشتمانی سەیر بکات، لەمەش خراپتر ئەم ڕەفتارانەی عەبادی هیچ بوارێکی بۆ ئەوە نەهێشتۆتەوە کە بتوانرێت کێشەکان لە چوارچێوەی دەستوور و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، بۆیە ئەم حاڵەتە لەسەر هەموو لایەکی فەرز دەکات کە ئەو ڕاستییانە بکاتە بنەما، کە نییەت و ئامانجی حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان، نییەت و ئامانجێکی تائیفی و شۆڤێنییانەیە و دژی تەواوی خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستانە و تەنیا ڕێگەیەکیش کە بتوانرێت بەپەرچی ئەم سیاسەتە تائیفی و شۆڤێنییەی عەبادی و شیعەی عێراقی پێبدرێتەوە، ئەوەیە هەموو گەلی کوردستان یەکدەنگ و یەکریز پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی عەبادی ناچار بێت، ملبدات بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکات و دەبێت لەوەش دڵنیابین هەر هێندەی عەبادی ناچار کرا کە بێتە سەر مێزی دانوستاندن لەسەر بنەمای دەستوور، خودی دەستوورەکە دەبێتە ئەو داوە جاڵجاڵۆکەییەی کە نە بە ئاسانی عەبادی لێی دەرباز دەبێت، نە میلیشیا و لایەنە پرۆئێرانییەکانی شیعە چیدیکە بواری ئەوەیان پێدەدرێت لە ژێر سەقفی دەستووردا تەراتێنی تائیفی بکەن و پیلانی ترسناك دژی کوردستان دابڕێژن.



**نەجیبە نەجیب**

**ئەندامی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بەرپاکردنی شەڕێکی ئابوورییە لە پاڵ شەڕە سەربازییەکەدا

**حکومەتی عێراق لە پێشێلکارییەکی دەستووری نوێدا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی گشتیی عێراق بۆ ١٢,٦٪ کەمکردەوە، ئەمەش درێژەپێدانی ئەو دژایەتی و شەڕە ئابوورییەیە کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدات، لە کاتێکدا کە لە رووی کردارییەوە هیچ هەنگاوێکیش بۆ راگرتنی ئەم پێشێلکارییە دەستوورییە نەکراوە. بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەجیبە نەجیب ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** دووباره بودجه لەلایەن بەغداوە وەکو کارتێکی فشار دژی گەلی کوردستان بەکارهێنرایەوە، ئایا ئەمە پێچەوانەی ماددەو بنەماکانی ئەو دەستوورە نییە کە خودی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بانگەشەی بۆ دەکات؟**

- حەیدەر عەبادی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە پێشێلکارییەکی دەستووریدا هێزی سەربازی و چەکداری دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان جووڵاند، هەروەها لە هەنگاوێکی نوێ دا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی گشتی عێراقدا کەم کردەوە، بە هەمان شێوە ناوی هەرێمی کوردستانی گۆڕی بۆ هەرێمی پارێزگاکان، کە ئەمە پێشێلکارییەکی زەقی ماددەکانی ١ و ١١٧ و ١٢١ی دەستووری عێراقە، واتە هەموو ئەمانە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرای پێشێلکاریی دەستوورین، ئاماژەن بەوەی دەستوور بەها و بایەخی نەماوە، بەڵکو ئەوەی ئەوان لە ئاست کوردستاندا پیادەی دەکەن بریتییە لە لۆژیکی هێز و کارکردنی ئەوان لە پێناوی ئەوەی کە سەرجەم عێراق لە رێی هێزەوە بخەنەوەژێر دەسەڵاتی خۆیان، نەك لە رێی پیادەکردنی دەستوور و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. ئەم بودجەیەش کە لە حکومەتی عێراقییەوە تێپەڕێندراوە، هەرچەندە راستتر ئەوەیە بڵێین لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، چونکە وەزیرەکان ناتوانن هیچ ناڕازیبوونێك دەربڕن و ئەوەی سەرۆك وەزیران دەیڵێت ئەوە دەبێتە بڕیار، بودجەیەکی تەواو نادەستوورییە و هیچ دادوەرییەکی تێدا نییە و بە هیچ شێوەیەك رەچاوی مافی هەرێمی کوردستانی تێدا نەکراوە. چونکە کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ لە سەدا ١٢,٦ تەنیا ئامانج لێی لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە، واتە بەرپاکردنی شەڕێکی ئابوورییە لە پاڵ شەڕە سەربازییەکەدا. دواتر ئێمە بینیمان حەیدەر عەبادی چەند جارێك لێدوانی دا لەبارەی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، بەڵام کەمکردنەوەی بودجە بۆ لە سەدا ١٢,٦ دەستەبەری ئەوە ناکات مووچەی پێ دابین بکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ دابینکردنی مووچە پێویستی بە ٨٨٧ ملیار دینارە، لە کاتێکدا ئەوەی ئەوان پێشنیاریان کردووە، تێکڕای ٦٠٠ ملیار دینار رەوانە بکەن کە بەو شێوەیە بێت ناتوانرێت نیوەی مووچەی فەرمانبەرانیش دابین بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی ماددەی ١٢١ بڕگەی ٣ دەبێت حکومەتی عێراق بەشێکی داهاتەکەی تەرخان بکات بۆ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە نەبوونەتە هەرێم بۆ ئەوەی بتوانن بە پابەندبوون و بەرپرسیارێتییە داراییەکانی خۆیان هەڵبستن. هەروەها پێم خۆشە لێرەدا ئەوە بڵێم کە ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندی بە پرسی ریفراندۆمەوە نییە، چونکە ماوەیەکی زۆر سەرۆك وەزیران و لایەنە شیعەکان هەوڵی کۆکردنەوەی واژوو دەدەن بۆ کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا کە خۆیان بە براوەی شەڕ دەزانن و خۆیان لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبیننەوە، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە لە دژی هەرێمی کوردستان دەربکەن. خاڵێکی گرنگی دیکە کە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە ئەوان ساڵانە خەرجییە سیادییەکان زیاتر دەکەن، بێ ئەوەی ئەمە هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی هەبێت. بۆ ساڵی ٢٠١٨ ئەوەتا ٢٢ ملیار دیناری بۆ تەرخان کردووە و هەرێمی کوردستانی ناچار کردووە بەشی خۆی لەو خەرجییانە بدات، بێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ بەشێك لەو خەرجییانە تەرخان بکاتەوە بۆ ئەم هەرێمە، بۆ نموونە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بۆ خەرجییەکانی بەگەڕخستن.

*** ئایا لە ئێستادا دۆخی ئابووری عێراق چۆن دەبینیت؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە بە راشکاوی بدوێین، ئەوا دۆخی ئابووریی عێراق زۆر خراپ نییە، راستە زۆر باشیش نییە، بەڵام بە رادەیەکی گەورە خراپ نییە، چونکە تا ئێستا عێراق نزیکەی ٤٥ بۆ ٥٠ ملیار دۆلاری یەدەگی هەیە و رۆژانە نزیکەی ٤ ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و هەر بەرمیلێکیش بە ٥٤ دۆلار دەفرۆشێت، لە کاتێکدا بودجەیان لەسەر بنەمای ٤٣ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك خەمڵاندووە. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە داهاتی عێراق زیاتر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە عەبادی خەرجییەکانی کەم کردۆتەوە، کە هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی دۆخی دارایی عێراق باشتر ببن.

*** باس لەوە دەکرێت کە بودجەیەکی گەورە بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تەرخان کراون، ئەمە لە کاتێکدا تا ئێستا بەشە بودجەی پێشمەرگە تەرخان نەکراوە و رەوانە نەکراوە، ئەمەیان چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**لە ئێستادا لە عێراق کار بە لۆژیکی هێز دەکرێت و لۆژیکی گفتوگۆ و لۆژیکی یاسا نەماون**

**پێویستە ئێمە هەڵوێستێکی عەمەلیمان هەبێت، واتە بێ پێچ و پەنا رایبگەیەنین کە یان دەبێت مافەکانی ئێمە دەستەبەر بکرێن، ئەوا ئەوەتا لە پرۆسەی سیاسی دەکشێینەوە**

- لە ڕاستیدا تا ئێستا یەك دیناریش بۆ پێشمەرگە ڕەوانە نەکراوە، ڕاستە ئەوان دەقێك جێگیر دەکەن و ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبێت وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری نیشتمانی پارە بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، بەڵام ئەو دەقە هیچ بەهایەکی نییە، چونکە کاری پێناکەن، واتە ساڵانە جێگیری دەکەن، بەڵام هیچ کاتێك جێبەجێی ناکەن. ئەمە لە کاتێکدا ئەوان داراییەکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ چەکدارکردنی حەشدی شەعبی، کە ئێمە دەبینین وەزارەتی بەرگری بڕی زیاتر لە ١٦ ملیار دیناری بۆ حەشدی شەعبی تەرخان کردووە، هەروەها دارایی بۆ پێکهاتە سەربازییەکانی دیکەش تەرخان کردووە، تەنیا پێشمەرگەی بێبەش کردووە.

*** باشە با پرسیار لە بارەی یەکریزی و یەکهەڵوێستی پەرلەمانتارەکانی کورد بکەین لە بەغدا، ئایا ئەم یەکریزییە بەدی دەکرێت لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانە دژ بە هەرێمی کوردستان دەکرێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە حکومەتی عێراق حکومەتێکی تەواو تایفەگەرییە، واتە سەرجەم بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئیدارییەکان لە دەستی شیعەدان، کە لەم ڕووەوە هەم ئەمریکا و هەم ئێرانیش پشتیوانییان دەکەن. سەبارەت بە پرسیارەکەشتان مـن دەمەوێت زۆر بە ڕوونی بڵێم کە تاکە ڕێگاچارەی بەردەممان بریتییە لە یەکریزی و هاوهەڵوێستی لە بەغدا، چونکە ڕاستە لە ئێستادا و لە میانەی لێدوانەکاندا حزبە کوردییەکان باس لە نارەزاییەتی خۆیان دەکەن لە بەرامبەر کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان و تەرخان نەکردنی بودجە بۆ پێشمەرگە و گۆڕینی ناوی هەرێم، بەڵام ئەمانە بەس نین و من پێموایە پێویستە ئێمە هەڵوێستێکی عەمەلیمان هەبێت، واتە بێ پێچ و پەنا رایبگەیەنین کە یان دەبێت مافەکانی ئێمە دەستەبەر بکرێن، ئەوا ئەوەتا لە پرۆسەی سیاسی دەکشێینەوە، باشە ئەوەتا سەرۆك کۆمار و جێگیری سەرۆك پەرلەمان و چەند وەزیرێکی کوردمان هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە نەتوانین کاریگەر بین، ئەی بەشداری ئێمە بۆچییە؟ لەبەر ئەوە پێموایە بێ وەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو و جددی بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیران ناچار بکەین بە بڕیارەکانیدا بچێتەوە، ئێمە ناتوانین کاریگەرییەکی ئیجابیمان هەبێت. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەو یەکریزییە نەهاتۆتەئاراوە و تەنانەت نەبوونی ئەو یەکریزییەش بوو کە ئێمەی بەم ڕۆژە گەیاند.

*** بەڵام لە ئێستادا باس لە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەکرێت لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا تێڕوانین و پێشبینییەکانت لەم بارەیەوە چین؟**

- لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان پێش ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆمیش ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، بەڵام لەلایەن بەغداوە ڕەتکراوەتەوە، کە ئەم ڕەتکردنەوەیە لە بەرژەوەندی خودی عێراقیشدا نییە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، عێراق خۆی لە پێگەیەکی بەهێزدا دەبینێتەوە و پێیوایە دەتوانێت کوردستان بخاتەوەژێر دەستی خۆی، ئەگەرچی بەرگرییەکانی ئەم دواییە پێشمەرگە لە پردێ و شوێنەکانی دیکە بۆی هەیە فشارێك دروست بکات لەو ڕووەوە، لەلایەکی دیکەوە نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵی ئەوە دەدات گفتوگۆ لە نێوانیاندا ئەنجام بدرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق ئەمەی قبووڵ نەکردووە.

*** پێتانوایە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ستەم و نادادییەی لە پرۆژەی یاسای بودجەی عێراقدا لە کورد کراوە، بتوانرێت لە پەرلەماندا چارەسەر بکرێت و ڕاست بکرێتەوە، یاخود لە پەرلەمانیش ئەمە تێدەپەڕێندرێت؟**

- من زۆر بە ڕوونی و بە پوختی دەڵێم لە ئێستادا لە عێراق کار بە لۆژیکی هێز دەکرێت و لۆژیکی گفتوگۆ و لۆژیکی یاسا نەماون. دواتر ئەگەر ئێمە بایکۆتی دانیشتن و دەنگدانەکەش بکەین، ئەو یاسایە هەر تێدەپەڕێندرێت، بایکۆتیش نەکەین و قسەش بکەین هەر سوودی نییە و تێدەپەڕێندرێت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد تەنیا بە وەرگرتنی هەڵوێستی جددی و کشانەوە لە پرۆسە سیاسییەکە دەتوانین فشار دروست بکەین، بەس دووبارەی دەکەمەوە تا ئێستا لە ئاستی لێدواندا هاوهەڵوێستین، بەڵام ئەمە نەبۆتەهۆی ئەوەی هەڵوێستێکی جددی وەربگرین. دواپەیامی منیش ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە لەم قۆناغە سەخت و دژواردا یەکریز نەبین، ئەی کەی یەکریز و یەکگرتوو دەبین؟

**وەزارەتی بەرگری بڕی زیاتر لە ١٦ ملیار دیناری بۆ حەشدی شەعبی تەرخان کردووە، هەروەها دارایی بۆ پێکهاتە سەربازییەکانی دیکەش تەرخان کردووە، تەنیا پێشمەرگەی بێبەش کردووە**

**عێراق نزیکەی ٤٥ بۆ ٥٠ ملیار دۆلاری یەدەگی هەیە و ڕۆژانە نزیکەی ٤ ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و هەر بەرمیلێکیش بە ٥٤ دۆلار دەفرۆشێت، لە کاتێکدا بودجەیان لەسەر بنەمای ٤٣ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک خەمڵاندووە**



دڵشاد شەعبان

جێگری سەرۆکی لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# نییەتی حکومەتی بەغدا لەگەڵ کوردستان باش نییە و دەیەوێت وجوودی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە

دوای ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرو داگیرکردنی کەرکوک لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە خەڵکی دووزخورماتوو، حکومەتەکەی عەبادی دەستی بە سەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکدا گرت و هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرت؛ بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەکی هێجگار گەورە دابەزی. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو چەند تەوەرێکی پەیوەندار دیمانەیەکمان لەگەڵ دڵشاد شەعبان جێگری سەرۆکی لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان سازکرد.

*** ئاشکرایە دوای داگیرکردنەوەی کەرکووك لە ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو، حکومەتی عێراق جیا لەوەی دەستی بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکدا گرتووە، لە هەمانکاتدا بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیکی و بە ڕێگەی کۆمەڵێك سزا سەپاندن بەسەر کوردستاندا هەموو شتێکی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، ئایا بەغدا بە پێشێلکردنی سەرجەم مافە دەستوورییەکانی کوردستان دەیەوێت کیانی هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە؟**

- بیرۆکەی گەمارۆدان و سزادانی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان مەسەلەیەکی نوێ نییەو هیچ پەیوەندی بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە نییە، ئەم دوژمنکارییە لەناو ناخی هەموو دەسەڵاتدارانی بەغدا بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە. نوری مالیکی هەر لە دوای ساڵی ٢٠١٢ کە بە تەواوەتی کەوتە ژێر هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران، پیلانی سزادانی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە و دەستی کرد بە کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دواتریش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستانی بە تەواوەتی بڕی، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە کوردستان لاواز بێت و کیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی ئامانجە ستراتیژییەکان کە دروستکردنی پردێکی زەمینی و تەواوکردنی هیلالی شیعە بوو، جێبەجێ بکەن. ئامانجیش لەم ستراتیژە ئەوە بوو کە بە ناوخاکی کوردستاندا ئەو پردە زەمنییە تێبپەرێت کە ئێران گرێدەداتەوە بە سووریا و حزبوڵای لوبنانی و کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاستەوە. بۆیە هەموو فشارەکانی دەسەڵاتدارانی شیعە بەغدا و میلیشیا پرۆئێرانییەکانی شیعەی عێراق لەم پێناوەدا بووە، تەنانەت ئەوکاتەی عێراق بە سەرپەرشتی عەبدولئەمیر زەیدی هێزێکی سەربازی هێنایە سنووری کەرکووك و هەڕەشەی لەسەر هەرێمی کوردستان کرد، ئەمە سەرەتای جێبەجێکردنی بیرۆکەی هێرشی سەربازی بوو بۆ سەر کوردستان. ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات درێژکردنەوەی ئەو پیلان و مەرامانەیە، بەڵام ئەمجارە جگە لە بڕینی بەشە بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستان بە زەبری هێزو بە پێشڕەوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بە شێوەیەکی زۆر وەحشیگەرییانە هێرش کرایە سەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بە سەدان کوردی ئەم ناوچانە ماڵ و حاڵیان سووتێنراو تاڵانیان کردن و سەدان کاری قێزەونی کوشتن و رفاندن و هەڕەشەکردنیان ئەنجامدا، بەمەش ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئاوارەو دەربەدەر بوون و دووبارە سیناریۆکانی تەعریب و تەرحیل و ئەنفال دووبارە بوونەوە. بە شێوەیەکی گشتی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەو حاڵەتە نەخوازراوەی کە روویدا هەمووی هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر دەسەڵاتدارانی شیعەی دژ بەگەلی کوردستان ملهوڕتر بن، ئەوەتا ئێستا تەنیا دەیانەوێت بەهێزی سەربازی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و دەیانەوێت دەستوورەکەش بگۆڕن، پێش ئەم هەنگاوەش بەنیازن شتێك نەهێڵن کە ناوی هەرێمی کوردستان بێت.

*** لەگەڵ ئەوەی هەرگیز حکومەتی عێراق بە تەواوەتی بەشە بودجەی کوردستانی نەناردووە، بەڵام لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨ وەك هەوڵێك بۆ شکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سڕینەوەی ناوی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژە یاساکەدا دەستەواژەی پارێزگاکانی هەرێمی ئاماژە پێکردووەو پشکی هەرێمی کەم کردۆتەوە بۆ ١٢,٦٪، ئەمەش دوای ئەوەی بودجەی سەروەری و حاکیمەی لێ جیادەکرێتەوە کە ناکاتە ٦٪ بودجەی عێراقیش، ئایا چۆن سەیری ئەم حاڵەتەی حکومەتی عێراق دەکەن لە دژی کوردستان؟**

- ئەگەر بەپێی ئەو رێککەوتنە بێت کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە کرا دەبێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق لە ١٧٪ بێت تا ئەو کاتەی سەرژمێری گشتی ئەنجام دەدرێت، ئەمەش سەرجەم ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە لەناو خەرجییە سیادی و حاکیمەکاندا خەرج دەکرێت، وەکو بوارەکانی دەرمان و چەك و دابەشکردنی پۆستە سیادیی و ئیدارییەکان و بوارەکانی نەوت و قەرزەکان و دەیان بابەتی تر، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە لە هەردوو حکومەتی مالیکی و عەبادی هەڵساون بە بەرزکردنەوەی بڕی خەرجییە سیادی و حاکیمەکان بە شێوەیەك لەباشترین حاڵەتدا پشکی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ٧,١١٪ دەبێت، چونکە هەموو کات خەرجی سیادی و حاکیمە لە ٣٠-٤٠٪ بووە، هەر لە رێگەی ئەم خەرجییانەوە توانییان پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ بدەن و بۆ تەمویلکردن و پڕچەککردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کە تا ئەمڕۆ زانیاری نییە لە بەهەدەردانی ملیارەها دۆلار. هەربۆیە ئێستا عێراق ١٢١ ملیار دۆلار قەرزی نێودەوڵەتی لەسەرە کە دەبێت لە

**با چاوەڕێ بین و هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجام بدرێت، ئەوکات دەزانین کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی چ کارەساتێک لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا درووست دەکەن**

**بودجەی کوردستانیان بڕی، کەچی هاوکات لە دەرەوەی بودجە شەش ترلیۆن دیناریان بۆ ٧٠ گرووپی چەکداری جیاجیای حەشد تەرخان کرد، بێگومان ئەو پارە زۆرەی کە بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تەرخانکراوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی حەشدی شەعبی بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکات**

**کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بودجەدا هیچ پاساوێکی نییە، ئەوەی دیکەشیان عێراق خۆی خەرجی سیادی و حاکیمەی زیاد کردووە، بە مەبەستی گەندەڵی و تەمویلکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی**

**مالیکی هەر لە دوای ساڵی ٢٠١٢ کە بە تەواوەتی کەوتە ژێر هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران، پیلانی سزادانی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە**

**بەپێی ئەو یاسایەو ماددەی ١١٥ دەستووری عێراق کە دەڵێت: لەکاتی ناکۆکی لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند ئەولەوییەت بۆ یاساکانی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە واتا ئێستا ئەولەوییەت بۆ یاساکەی ئێمەیە**

**ئەو گرێبەستەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڕۆزنەفتی رووسی واژووی کردووە، کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکی تێدایەو بەپێی دەستووری عێراق و یاسای پەرلەمانی کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە**

**دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و ڕێگە بە بەغدا نەدەن بە گیانی تۆڵەسەندنەوە و غرووری مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات**

ماوەیەکی کەمدا بەسوودەکەشیەوە بیگەڕێنێتەوە، تەنانەت ٢٢ تریلیۆن و نیو دینار بودجەی عێراق کورتهێنانی هەیە، کەچی لەبری ئەوەی بە پلانێك ئەم کورتهێنانە پڕبکاتەوە، راستەوخۆ لە بودجەدا تریلیۆن و ٧٠٠ ملیۆن دینار بۆ حەشدی شەعبی تەرخان دەکات ئەم بێجگە لەوەی لەدەرەوەی بودجەشدا بەملیارەها دۆلار پارەو چەك و جبەخانەی سەربازی پێشکەوتووی ئەمریکی بەم میلیشیاتانە دەدات. ئەمە لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك راگرتووەو زیانێکی گەورە بەر ئابووری کوردستان و عێراقیش دەکەوێت.

*** باشە لەکاتێکدا بەغدا دەستی بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك و زۆر لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا گرتووە، ئایا هەرێمی کوردستان بەو نەوتەی لەبەردەستی دایە دەتوانێت مووچەو پێداویستییەکانی دابین بکات؟**

- ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زەحمەتە بتوانێت بەو بڕە نەوتەی کە نزیکەی ٣٠٠ هەزار بەرمیلە بتوانێت بە تەواوەتی مووچە و پێداویستییەکانی دابین بکات، چونکە لەو بڕەش ٥٠ بۆ ٧٠ هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوتگەکان و پێداویستییەکانی ناوخۆ دەچێت، واتا ڕۆژانە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ٢٠٠-٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی لەبەردەستدایە، ئەمە جگە لە دابەزینی ئاستی داهاتەکانی گومرگی و ناوخۆ.

*** کەواتە چارەسەر چییە؟ ئایا هەر چاوەڕوانی وادەی دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بین، یاخود پێویستە هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە؟**

- بۆ فشار خستنە سەر بەغدا، پێویستە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی تورکیا و ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی بەغدا ناچار بکەن ڕێز لەمافە دەستووری و یاساکانی هەرێمی کوردستان بگرێت و لەچوارچێوەی دەستووردا دەست بە دانوستاندن و وتووێژ بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات، خۆ ناکرێت بە حیساب بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە لە چوارچێوەی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام هەر مافەکانیشمان پێنەدرێت و سزاش بدرێین و بێدەنگیش بین. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و ڕێگە بە بەغدا نەدەن بە گیانی تۆڵەسەندنەوە و غرووری مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، بێگومان تا ئەو کاتەی پلانی هەرێم دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەتی پلانی نەوتی لەگەڵ گەورە کۆمپانیا بیانییەکان بەتایبەتی کۆمپانیای ڕۆز نەفتی رووسی کە پێنج کێڵگەی هەرێمی کوردستان پەرەپێدەدات و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت تا ساڵی ٢٠٢٠ زیاد بکات، ئەم کۆمپانیایە جگە لەوەی کۆمپانیایەکی نەوتییە لە زۆر بواری تری وزەو پیشەسازی نەوتی دەتوانێت هاوکاری کوردستان بکات، ئێمە نەفتی ڕەشمان بە نرخێکی ڕەمزی دەنارده ئێران و تورکیا، دەکرێت بە هاوکاری ئەو کۆمپانیایە پیشەسازی نەوتی لەکوردستاندا پەرەپێبدەین، هەروەها دەبێت هەوڵەکانمان بۆ تەواوکردنی بۆری غازی جددیتر بکەین، ئێستاکەش دەبێت هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی هەناردەکانمان زیادبکەین، بەتایبەتی لە ئێستاو دوو ساڵی داهاتوودا چونکە نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ سەرووی ٦٠ دۆلار بەرزبووەتەوە، لە بوارەکانی چاکسازی و پاکسازیشدا هەنگاوی دیکە بگرینەبەر، وەك ئەوەی لە بواری بایۆمەتری بۆ مووچەی فەرمانبەران کراوە، کە هەنگاوێکی زۆر باشەو دەکرێت هەندێك ڕێکاری دیکەش لە بواری کەمکردنەوەی خەرجییەکان بگرینەبەر. دەبێت بیر لە وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی بکەینەوە کە هاوکارە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئابووری و بونیادنانەوەی ژێرخانەکەمان. من لێرەدا دووبارە تەئکید لەسەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتی تورکیا دەکەمەوە کە پێویستە دووبارە گەشەی پێ بدرێتەوە، ئەو پەیوەندییانە وا بەئاسانی دروست نەبووە، تا وا بەئاسانی دەستبەرداری بین، تورکیا هەموو کات لە دۆخە ناخۆشەکاندا بەتایبەتی لە زۆر دۆخی هەستیارو ناخۆشی ئابووریدا هاوکاری کردووین.

*** باسی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانت کرد، پێتوانییە حکومەتی عێراق دەیەوێت کێشە بۆ کۆمپانیای ڕۆزنەفت دروست بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکەوە هەیە؟**

- عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو پلانەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك دایناببوو، جێبەجێی بکات، گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای BP بەریتانی کردووە بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم کێڵگە نەوتییانەی کەرکووك بۆ یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بەرز بکاتەوە، هەروەها ڕێککەوتنی لەگەڵ

تورکیا وا بوو بۆری کۆنی (کەرکووک — موسڵ- پێشخابوور — جیهان) چاک بکاتەوەو لەوێوە نەوت هەناردە بکات، تاوەکو ئەوەندەی تر گەمارۆی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بکات، هەر بۆیە ئێمە بە هیچ شێوەیەك پێشخابوور رادەستی حکومەتی بەغدا ناکەین و بەرگری لێدەکەین، عێراق لە هەموو ئەم پرۆژانە شکستی هێناوە، لە کاتێکدا ئەو گرێبەستەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ رۆزنەفتی رووسی واژووی کردووە، کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکی تێدایەو بەپێی دەستووری عێراق و یاسای پەرلەمانی کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە تا ئێستا لە عێراق یاسای نەوت و غاز نییە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە یاسای ژمارە ٢٢ی نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووەو بەپێی ئەو یاسایەو ماددەی ١١٥ دەستووری عێراق کە دەڵێت: لەکاتی ناکۆکی لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند ئەولەوییەت بۆ یاساکانی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە واتا ئێستا ئەولەوییەت بۆ یاساکەی ئێمەیە، لەلایەکی ترەوە لە ١٩,٥٪ پشکەکانی رۆزنەفت تایبەتە بەکۆمپانیای BP بەریتانی، واتا لەئاییندەدا ئەم دوو کۆمپانیایە دەتوانن بگەنە رێککەوتن، هەربۆیە لە ئێستادا بەهەموو ئەگەرەکان زەحمەتە بەم نزیکانە عێراق بتوانێت کێڵگە نەوتییەکانی پەرەپێبدات و تەنانەت بۆرییە کۆنەکە چاك بکاتەوەو بە پێشخابووردا نەوت هەناردەی تورکیاو دەرەوە بکات و ببێتە داهات بۆ حکومەتی ناوەندی، رەنگە ئەمە خاڵی بەهێزی دانوستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بێت.

*** حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق زۆر باسی ئەوە دەکات کە ئەو ئامادەیە مووچەی هەرێمی کوردستان بنێرێت، پێتوانییە ئەمە مزایەدەیەکی سیاسییەو دوورە لە واقیعەوە؟**

- لەمانگی ٣ی ٢٠١٥ شاندی هەرێمی کوردستان بە عەبادی وت: ئامادەین هەرچی نەوت و داهاتی گومرگ و ناوخۆی کوردستانە رادەستی بەغدای دەکەین، تەنیا لە ١٧٪ی پشکی هەرێمی کوردستانمان بۆ بنێرن، ئەو کاتە پێیان وتن: دۆخی دارایی و ئابووریمان خراپەو هەرچی نەوت و داهاتیشە بۆمان بنێرن، ناتوانین لە ١٧٪ بنێرین، دواتر شاندی هەرێمی کوردستان وتی تەنیا لە ١٠٠٪ی مووچەی موچەخۆرانمان بۆ بنێرن، ئەمجارە خودی عەبادی بە شاندی هەرێمی وت: ئەگەر ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتەکەشتان بکەنە یەك ملیۆن بەرمیل و داهاتی ناوخۆشمان بدەنێ لە ٥٠٠ ملیار دینار زیاتر نانێرین، واتە رێك نیوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. من ئەگەرچی بێ ئومێدم بە بەغدا، بەڵام هەوڵەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن شتێکی باشە، هەر خودی سروشتی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاشتیخوازەو خولیای گفتوگۆ و دانوستاندنە، بەڵام ئەگەر لەبەرامبەر ئەمەشدا هیچ وەڵامێك نەبوو، ئەو کاتە تەنیا رێگەی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان و فشارە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەکان دەمێنێتەوە، تەنانەت من پێموایە هەرچی دانوستاندن و گفتوگۆو هەوڵی نێودەوڵەتییە، تەنیا یەك ساڵ دەخایەنێت و دووبارە بەغدا دەگەڕێتەوە سەر ملهوڕی و پێداگیری چونکە عەبادی و بەرپرسەکانی لەمێژە بڕیاری خۆیان داوە.

*** لەبەرامبەردا بەغدا باسی ئەوە دەکات کە دۆخی دارایی و ئابووری باش نییە، بۆیە شایستە داراییەکانی هەرێمی کەم کردۆتەوە، ئایا تاچەند ئەم پاساوەی ئەوان لەجێی خۆیدایە؟**

- جاری کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بودجەدا هیچ پاساوێکی نییە، ئەوەی دیکەشیان عێراق خۆی خەرجی سیادی و حاکیمەی زیاد کردووە، بە مەبەستی گەندەڵی و تەمویلکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، باشە کاتێك هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٤ لەگەشەکردندا بوو هەر ئەوان نەبوون گەشەیان راوەستاندو بودجەی کوردستانیان بڕی، کەچی هاوکات لە دەرەوەی بودجە شەش تریلیۆن دیناریان بۆ ٧٠ گرووپی چەکداری جیاجیای حەشد تەرخان کرد، بێگومان ئەو پارە زۆرەی کە بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تەرخانکراوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی حەشدی شەعبی بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە با چاوەڕێ بین و هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجام بدرێت، ئەوکات دەزانین کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی چ کارەساتێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا درووست دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بە هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی حەشد لە ژێر چەترێکدا کۆبکەنەوەو بیخزێننە ناو کاروباری سیاسی و ئیداریشەوە، تاوەکو شەرعیەتی زیاتری هەبێت، واتا عێراق وەکو کۆپی ئیمارەتەکەی حزبوڵای لوبنانی لێدێت و هەڕەشە دەبن لەسەر کوردو سوننەی عەرەب و بگرە هەندێك لە هێزە شیعەکانیش.

**بۆ فشار خستنە سەر بەغدا، پێویستە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی تورکیا و ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی بەغدا ناچار بکەن رێز لەمافە دەستووری و یاساکانی هەرێمی کوردستان بگرێت**

**لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨ وەک هەوڵێک بۆ شکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سڕینەوەی ناوی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژە یاساکەدا دەستەواژەی پارێزگاکانی هەرێمی ئاماژە پێکردووەو پشکی هەرێمی کەم کردۆتەوە بۆ ١٢,٦٪، ئەمەش دوای ئەوەی بودجەی سەروەری و حاکیمەی لێ جیادەکرێتەوە کە ناکاتە ٦٪ بودجەی عێراقیش**

**گەمارۆدان و سزادانی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان مەسەلەیەکی نوێ نییەو هیچ پەیوەندی بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە نییە، ئەم دوژمنکارییە لەناو ناخی هەموو دەسەڵاتدارانی بەغدا بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە**



### فەریق جەمال ئیمینکی

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئێمە لەسەر هەقین و هەرگیز ناتوانن ئیرادەی خەڵکی کوردستان بشکێنن

ئاشکرایە کوردستان لە مێژووی خۆیدا تووشی چەندین دژواری و رووداوی نالەبار بۆتەوە، بەڵام هەمیشە ئیرادە و ئومێد بوونەتە بزوێنەری هەڵسانەوە و خۆکۆکردنەوە و خۆڕاگری و تێپەڕاندنی دۆخە سەختەکان. لە ماوەی رابردوو و دوای رووداوە ناهەموارەکانی کەرکووك و چەند ناوچەیەکی دیکە کە کوردستان روبەڕووی هەل و مەرجێکی سەختی دیکە بۆوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جارێکی دیکە و بە خوێنی خۆی رەوتی خراپبوونی دۆخەکەی راگرت و ئێستاش ئومێد دەکرێت کە ئەوە سەرەتای پێچەوانەبوونەوەی دۆخە ناهەموارەکە بێت. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان لە پەیوەندی بە ئیرادە و ئامادەکارییەکانی هێزی پێشمەرگە و چەند باس و خواسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان لە بەسەرکردنەوەی بەرەکانی بەرەنگاریدا دیمانەیەکی لەگەڵ فەریق جەمال ئیمینکی ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستا دەڕوانیت بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە خۆکۆکردنەوەی حەشدی شەعبییەوە هەیە؟**

- لە راستیدا پێش ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی حەویجەش ئێمە زانیاریمان هەبوو کە ئەوان بە نیاز بوون هەمان ئۆپەراسیۆن لە کەرکووکیش ئەنجام بدەن. واتە ئەوان هەر لەو کاتەوە نییەتی خراپیان هەبوو، ئەوە بوو رێککەوتنی ژێراوژێر و هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ هەندێ کەسی کوردی نانیشتمانپەروەر دروستکرد، لە دەرئەنجامدا کەرکووك و خورماتوو رادەست کران، ئەوان ویستیان هەموو باشوری کوردستان وەکو جاران بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری خۆیان کە ئەمەش جێگای قبووڵکردن نییە و ئەم غرووریەیان وای لێکردن لە١٠/٢٦ بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری پردی و مەخموور و تەلسقۆف و رەبیعەو سحێلا و چەندین ناوچەی تری کوردستان بدەن. هاوکات دەیانویست بێنە فیشخابوور و دێرەبوون و تا قەرەوەڵە کە ئەم شوێنانە پێش ٢٠٠٣ش لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی نەبووە. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکیی حکومەتی عێراق و سوپاو هێزەکانیان دیاربوو کە دەیانویست ئەو دەستکەوتەی پێشمەرگەو باشووری کوردستان چەندین ساڵە بەدەستیهێناوە لەباری ببەن، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەرەنگاریان بووەوە و ئەوان لەهەموو شوێن و میحوەرەکاندا تێکشکان.

*** لەدوای داگیرکردنی کەرکووك لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، وەزارەتی پێشمەرگە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق بە هەماهەنگیی هاوپەیمانان دەستدەکەن بە رێکخستنەوەی هێزەکانیان بەپێی رێککەوتنی مانگی ئازاری پێش رزگارکردنی موسڵ، ئایا هۆکاری چی بوو کە ئەو رێککەوتنە پێشێل کرا؟**

- لە راستیدا ئێمە هیچ متمانەیەکمان بە حکومەت و سوپای عێراق نەماوە، چونکە دەسەڵات لەدەست عێراق نەماوە، بەڵکو دەسەڵات لەدەستی قاسم سولیمانی و ئێراندایە و هەموو کارو جووڵەکانیان بەفەرمانی ئەوانە، نەك حکومەتی عێراقی و لەو پەلامارو داگیرکردنەی خورماتوو و کەرکووکیش هیچ هەماهەنگییەك لەنێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە نەبووە کە بێنە ناو شاری کەرکووك، بەڵکو حەشدی شەعبی و عێراق لەگەڵ چەند کەس و گروپێکی کوردی لایەنێکی دیاریکراو رێککەوتن و هەماهەنگییان کردبوو. هەروەها پێشتر چەند رێککەوتنێك هەبووە لەنێوانمان یەکێکیان پەیوەست بوو بە رزگارکردنی موسڵەوە کەلەلایەن کوردستانەوە، بەڕێز کەریم شنگالی، و لەلایەن ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئیمزاکراوە کە بەپێی ئەو رێککەوتنە هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە ئەو هێڵەی پێش ٢٠١٦/١٠/١٧ لێی بووە و هێزی عێراقیش دەگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی لە پێش ئەو رێککەوتە لێی جێگیر بوون. بەڵام حکومەتی عێراقی ئەو رێککەوتنەشی پێشێل کرد، بۆیە هەر رێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی عێراقی بکەین، پابەندی نابن، هەر لەبەر ئەوەشە کە هیچ متمانە و باوەڕێکمان بە عێراق نەماوە.

*** ئەو کۆبوونەوانەی لەم دواییە لە موسڵ لەنێوان کوردستان و عێراق کرا، بەچی گەیشت؟**

- ئەو کۆبوونەوانە من تیدا بەشدار نەبووم، بەڵکو لیژنەیەکی پسپۆڕ بوون و رۆڵی ئەمریکا تێیدا تەنیا وەکو چاودێر بووە و لە کۆبوونەوەکاندا عێراق چەند داواکاری و خاڵێکی وەکو فەرمانی سەربازی خستۆتەڕوو، لەوانە داوای کردووە هێزی پێشمەرگە لە چەندین ناوچەو شوێن بکشێتەوە و چۆڵی بکەین لەوانە هێڵی ٣٦ و فیشخابوورو فەوجێکیان بێتە ئەو دیوەی پردی سحێلە و دەروازەکانیان بۆ چۆل بکەین، هەموو ئەو داواکارییانەیان ئەوە دەگەیەنێت کە نییەتیان باش نییە، چونکە ئێستا داوای ئەو شوێنانە دەکەن و دواتر داوای ناوچەو شوێنی تری باشووری کوردستان دەکەن، بۆیە وەڵامی ئێمە ئەوە بووە کە ئەو داواکارییانە قابیلی قبووڵکردن نییە.

*** لەو کاتەی کە حەشدی شەعبی هاتە ناوچە و شارە کوردستانییەکان ئایا چییان ئەنجامدا و کارو کردەوەکانیان چەند قیزەوەن بووە؟**

- پێش هاتنی ئەوان لە ناوچەکان بەگشتی و بەتایبەتی لە زوممارو رەبیعە و شوێنی تر گوندەکان چۆڵیان کرد و ماڵ و پێداویستی خۆیان بەجێهێشت، بەڵام حەشدی شەعبی مەڕوماڵات و ناوماڵەکانیان تاڵانکرد و چەندین خانووی هاووڵاتیانیان سووتاندو ئەو پێشێلکارییانەی سوپاو حەشدی شەعبی ئەنجامیان دا، هەموو دنیا لێی ئاگادارە و دیارترین بەڵگەی قیزەونی حەشد، تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسەی خورماتووە کە بە خراپترین شێوە لەبەردەمی خێزان و منداڵەکانیان

**کاتێک لیژنەی سەربازیی عێراق بۆ ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی حەویجە هاتنەلامان لەهەولێر لەکاتی نیشاندانی نەخشەو پلانی رزگارکردنی حەویجە لەسەر شاشەی ئایپاتەکانیان برادەرانی ئێمە نەخشەو وێنەیەکیان دیتبوو کە لەسەری نووسرابوو (قادمون یا کرکوك) واتە ئەوان لەپێش دەستپێکردنی رزگارکردنی حەویجە نییەت و پلانیان داگیرکردنی کەرکووك و ئەو ناوچانەیان هەبووە**

**حەشدی شەعبی مەروماڵات و ناوماڵەکانیان تاڵانکرد و چەندین خانووی هاووڵاتیانیان سووتاندو ئەو پێشێلکارییانەی سوپاو حەشدی شەعبی ئەنجامیان دا، هەموو دنیا لێی ئاگادارە و دیارترین بەڵگەی قێزەوەنی حەشد، تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسەی خورماتووە کە بە خراپترین شێوە لەبەردەمی خێزان و منداڵەکانیان ئازاریان داو کوشتیان**

ئازاریان داو کوشتیان. داعش کە بە گروپێکی تیرۆریستی گەورەی جیهانی دادەنرێت، کەسی بەمجۆرە نەکوشتووە، ئەم شەهیدەش کەسێکی سڤیل و بێگوناهە و تەنیا لەبەر کوردبوونی ئاوایان لێکردووە، بۆیە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە حەشدی شەعبی و هێزی عێراقی بگەنە هەر شوێنێکی ئەو کوردستانە، ئەم جۆرە رەفتارە خراپ و تیرۆریستییانە ئەنجام دەدەن، بۆیە دەبێت ئێمە وەکو گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ماوە بەو دەستەوە نەدەین و ئەو دەستە ببڕین، هەر بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کوردستان و بۆ وەڵامدانەوەی هێزی عێراقی و حەشدی شەعبی لەوپەڕی ئامادەباشی و وربەرزی و بەهێزیدایە.

*** سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و چەندین هێزی تر بەئاڵای جیاجیا پەلاماری باشووری کوردستانیاندا ئەو پەلامارو پیلانە چۆن بوو و ئەو هێزانەی لەگەڵ عێراق بوون کێن و چیان دەوێت؟**

- ئەم پەلامارادنەی سەر باشووری کوردستان پیلانێکی زۆر گەورەیە، ئێمە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ هاوپەیمانان لەیەك سەنگەر شەڕمان لەدژی داعش کرد، کە جەنگێك بوو بۆ بەرگریکردن لەهەموو مرۆڤایەتی و جیهان، بەڵام ئێستا ئێمە زۆر دڵتەنگ و سەرسوڕماوین کە ئەمریکا لەم دەستدرێژییەی عێراق بێدەنگە. لە هەمووشی ناخۆشتر تانکی ئەبرامزی ئەمریکی بە ئاڵای حەشدی شەعبی لە دژی پێشمەرگە بەکارهاتووەو ئەمریکاش ئەمە دەبینێت، بەڵام ئەگەر چاوی خۆی لە ئاستیدا دادەخات، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدا کە حەشدی شەعبی لە عێراقدا پاسداری ئێرانی دروستی کردووە و بەشێکە لە سوپای پاسداران و بە چەشنی حزبوڵڵای لوبنانی قاسم سلێمانی سەرپەرشتییان دەکات. بەڵام ئەو شوێن و ناوچانەی کە ئێستا ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە تێیداین، بە هەموو تواناو ئیرادەمانەوە بەرگری لێدەکەین و هەرگیز چۆڵی ناکەین.

*** بەپێی فەرمانی بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێك لە هێزی پێشمەرگە لە خورماتوو و شاری کەرکوك بەرگری و شەڕیان نەکردو کشانەوەو رێگایان بە حەشدی شەعبی و عێراقدا ئەو شارو شوێنانە داگیر بکەن، ئایا وەزارەتی پێشمەرگە رێکخستنەوەی هێزەکانی (٧٠ و٨٠) لەبەرنامەدایە و ئەو پەرتەوازەییە دەتوانرێت رێکبخرێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە سەرکردایەتیی سیاسیی هەردوولا لەدانوستاندان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، چونکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە لەم کات و قۆناغەدا ناوماڵی کورد یەکدەست و یەکریز بێت، هاوکات دوای ئەوەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو سەرۆکی کوردستان دەسەڵاتەکانی بەسەر حکومەت و پەرلەماندا دابەشکرد، ئەوا دەبێت هەوڵی یەکخستنی ناو ماڵی خۆمان بدەین. دەبێت هەر لە خانەقین تا کەرکوك تا دێتە زوممارو تا دواخالی سنوور بە یەك هێز و بەیەك ئیرادە پێشمەرگە لەسەنگەرەکان بەرگری لە کوردستان بکەن.

*** لەدوای ئەوەی جەنابی بارزانی دەسەڵاتەکانی دابەشکرد، ئایا ئێستا رۆڵی چەند گرنگەو چەند کاریگەرە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرگریکردن و پاراستنی باشووری کوردستان؟**

- پێگەی جەنابی بارزانی، لەدەسەڵات بێت، یان لەدەسەڵات نەبێت، ئەوە جێگاو رۆڵی دیارو کاریگەرە و هەر بە سەرۆك و رابەری خۆمانی دەزانین و وەکو پێشمەرگەیەکیش ئێستا زیاتر دەتوانێت خزمەتی پێشمەرگە بکات و ئێستا تەنیا بۆ پێشمەرگایەتی و خزمەتی پێشمەرگە خۆی تەرخانکردووە و هەموو جارێك جەنابیان خۆی دەفەرموێت پێشمەرگایەتی بۆ من لە هەموو دەسەڵات و پێگەیەك گەورەترو پیرۆزترە و ئێستا جەنابیان دەتوانێت زیاتر سەردانی پێشمەرگە بکات و زۆرتر هاوکارو بەشداربێت لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

*** حەشدی شەعبی و سوپای عێراق مەبەستیان چییە کە دەیانەوێت فیشخابوور چۆڵ بکرێت لە پێشمەرگەو ئەوان تێیدا جێگیر بن؟**

- مەبەستی عێراق بە هاوکاری و هەماهەنگیی ئێران، یەکەم ئەوەیە، سەحێلاش بکەویتە ژێر دەسەڵاتیان بۆ ئەوەی بەتەواوی زاڵبن بەسەر باشووری کوردستاندا. دووەم مەبەستیان لە گرتنی فیشخابوور، دەستتێوەردانە لە رۆژئاوای کوردستان، تا نەهێڵن هیچ هاوکاری و یارمەتییەکی مرۆیی بە رۆژئاوای کوردستان بگات، تا ئەوانیش لەناو ببەن، بەڵام ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی

کوردستان باوەڕی زۆرمان بە توانـاو قارەمانی و ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگە هەیە و ناهێلین ئەو مەبەستەی دوژمن بێتەدی.

*** لەلایەن حکومەتی عێراق داوادەکرێت دانوستاندن لەگەڵ کوردستان ئەنجام بدرێت، ئایا مەبەستیان زیاتر لەم دانوساندانانە چییە؟**

- دانوستاندنەکانی ئەوان زیاتر سەپاندنی مەرجە، ئەمەش دانوستاندن نییە، چونکە دەبێت لایەنی سیاسی پێی هەڵبستێت، نەك لایەنی سەربازی، چونکە لایەنی سەربازی جێبەجێکارە، نەك بڕیاردەر. کەواتە کێشەکە ئەوەیە لایەنی عێراقی دەیەوێت بە زەبری هێز بە داواکارییەکانیان رازی بین، ئەوەش بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبووڵ نییە.

*** ئایا چۆن لەو هاوکاری و هەماهەنگییە دەڕوانیت کە هەندێ کەس لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا کردیان و ئەو رووداوانەی بە دوادا هات کە بینیمان؟**

- بێگومان هەر لایەن و کەسێك بێت، چ لە کەرکووك و چ لە ناوچەیەکی تر، ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی لەگەڵ لایەنی عێراقی کردبێت، ئەوە هەماهەنگی کردنە لەگەڵ دوژمن، چونکە بە درێژایی مێژوو ئێمە چەند خوێن و قوربانیمان لەپێناو کەرکووك داوە و هەر ئەوان خۆیان چەندین شەهیدی قارەمانیان لەسەر پاراستن و بەرگریکردن لە شاری کەرکووك بەخشیوە لەشەڕی دژی داعش، کوا خوێنی ئەو شەهیدانە و چ بە خێزان و منداڵەکانی ئەو شەهیدانە دەڵێن و چی بە خێزانی شەهید شێرکۆ و حسێن مەنسور و ئەوانی تر دەڵێن؟ هەروەها چەندین پێشمەرگەی قارەمان لەهەردوولا چ لەیەکەی ٧٠ و چ لەیەکی ٨٠ شەهید بوون بۆ ئەوەی کەرکووك بپارێزن و بێتەوە سەر کوردستان، کەواتە با ئەو کەس و گروپە کوردییە خۆیان پرسیار لە خۆیان بکەن، با بزانین وەڵامیان چی دەبێت.

*** ئەم پەرەسەندنانە چ پەیوەندییەکی بە ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەیە؟ ئایا ئەگەر ریفراندۆمیش نەکرایە، هەر بە نیازی ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆن و داگیرکارییەی کوردستان بوون؟**

- من پێموایە ئەو مەسەلەیە هیچ پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نییە، چونکە ریفراندۆم تەنیا دەنگدانە و راوبۆچوونی خەڵك وەرگیراوە، بەڵام ئەوان هاتوون و ریفراندۆمیان کردۆتە پاساو و بیانوویەك. من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە کاتێك لیژنەی سەربازیی عێراق بۆ ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی حەویجە هاتنەلامان لەهەولێر لەکاتی نیشاندانی نەخشەو پلانی رزگارکردنی حەویجە لەسەر شاشەی ئاپیاتەکانیان برادەرانی ئێمە نەخشەو وێنەیەکیان دیتبوو کە لەسەری نووسرابوو(قادمون یا کرکوك) واتە ئەوان لەپێش دەستپێکردنی رزگارکردنی حەویجە نییەت و پلانیان داگیرکردنی کەرکووك و ئەو ناوچانەیان هەبووە، لەلایەکی تر بۆچی ئۆپەراسیۆنی حەویجەیان خستە کۆتایی، تاوەکو هێزو هەڕەشەیان بۆ کەرکووك ئامادە بێت، تا بەئاسانی پەلاماری کەرکووك بدەن و داگیری بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی ریفراندۆم لە سەرجەم ناوچە کوردستانییەکان ئەو راستییەی بۆ دنیا سەلماند کە ئەو ناوچانە کوردستانین.

*** تائێستا هەڵویستی هاوپەیمانان بەرامبەر کوردستان دیار نییە و هیچ پشتگیرییەکمان وەکو هاوپەیمانێك لێیان بەدی نەکردووە، لەم رووەوە وەکو فەرماندەیەکی پێشمەرگە هیچ گۆڕانکارییەك لەهەڵویستیان بەرامبەر کوردستان و هێزی پێشمەرگە لێ بەدی دەکەیت؟**

- تائێستا هیچ هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی هێزی هاوپەیمانانم نەبینیوە و ئەوان تەنیا هەوڵی راگرتنی شەڕەکەیان داوە. گرنگیش لێرەدا هەڵویستی ئەمریکایە، چونکە ئەمریکا هێزی سەرەکییە، ئەگەرنا هەڵویستی ئەڵمانیاو فەرەنسا تا ئاستێك خراپ نییە.

*** ئەو خۆڕاگرییەی هێزی پێشمەرگە لە پردێ و مەخموورو تەلسقۆف و زوممارو سحیلان و ناوچەکانی تر تا چەند کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی دانوستاندنەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دەکات؟**

- بێگومان لەهەر شەڕو رووبەڕووبوونەوەیەك سەرکەوتن بەدەست بێت، دەتوانیت زیاتر بچیتە پێش بۆ دانوستاندن، بەڵام ئەوان ویستیان ئەو شەڕانە بکەن بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، ئێستا ئەوان خۆیان لە پێگەیەکی بەهێزدا دەبیننەوە، چونکە فڕۆکەی سەربازی و تانکی ئەبرامز و چەندین چەکی دیکەی ئەمریکییان هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لووتبەرزییەکی زۆریان لا دروست بێت. بەڵام ئێمە لەسەر هەقین و ئەوان هەرچییەکیان هەبێت، ناتوانن ئیرادەی میللەتی کوردو هێزی پێشمەرگە تێکبشکێنن.

**پێش ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی حەویجەش ئێمە زانیاریمان هەبوو کە ئەوان بە نیاز بوون هەمان ئۆپەراسیۆن لە کەرکووکیش ئەنجام بدەن. واتە ئەوان هەر لەو کاتەوە نییەتی خراپیان هەبوو، ئەوە بوو رێککەوتنی ژێراوژێر و هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ هەندێ کەسی کوردی نانیشتمانپەروەر دروستکرد، لە دەرئەنجامدا کەرکووک و خورماتوو رادەست کران**

**هیچ متمانەیەکمان بە حکومەت و سوپای عێراق نەماوە، چونکە دەسەڵات لەدەست عێراق نەماوە، بەڵکو دەسەڵات لەدەستی قاسم سلیمانی و ئێراندایە و هەموو کارو جووڵەکانیان بە فەرمانی ئەوانە، نەک حکومەتی عێراقی**



## لوبنان و یەمەن و سووریا

# کامیان دەبێتە ویستگەی یەکەم بۆ لغاوگیرکردنی میلیشیا پرۆئێرانییەکان؟



لەمانگی مارتی ١٩٨٢ لەناو پەرلەمانی بەریتانیا بە گەرمی موناقەشەی شەڕی فۆكلاند دەكرا، ئەو هەواڵانەی لەناو ئەو ئەنجومەنە دزەی دەكردە ناو میدیاكانی جیهان، باسیان لەوە دەكرد لە پەرلەمانی بەریتانیا باس لەوە دەكرێت، شەڕی فۆكلاند بكرێت، یان دوابخرێت، بەڵام لە سەروتاری یەكێك لە رۆژنامەكانی بەریتانیا پەردە لەسەر تەواوی موناقەشەكانی ئەو پەرلەمانە هەڵماڵراو نووسیبووی: (لەناو پەرلەمانی بەریتانیا باس لە دەستپێكردنی شەڕی فۆكلاند، یان دواخستنی ناكرێت، بەڵكو باس لەوە دەكرێت ئایا بەریتانیا تەنیا بە داگیركردنەوەی دوورگەی فۆكلاند واز بهێنێت، یان شەڕەكە بەردەوام بێت هەتا حكومەتی ئەرژەنتینیش دەڕووخێنێت).

دیارە لە ئێستادا و دوای ئەوەی سەعد حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە ریازی پایتەختی سعودیەوە دەست لەكاركێشانەوەی خۆی لەدژی كردەوەكانی حزبوڵای لوبنانی راگەیاند، بەشی زۆری میدیاكانی جیهان ئەو پرسیارە دەكەن، ئایا عەرەبستانی سعودی، یان ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریكا، لە دژی ئەنساروڵای حوسی و حزبوڵای لوبنانی شەڕ رادەگەیەنن، یان تەنیا دەیانەوێت بە رێگەی سەپاندنی گەمارۆی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی لغاوگیریان بكەن؟ بەڵام پێدەچێت ئەمجارەیان پلانی سعودیە و ئیسرائیل و ئەمریكا، هاوشێوەی پلانەكەی بەریتانیا بێت بۆ شەڕی فوكلاند و پرسەكە لەنێوان راگەیاندنی شەڕ و سەپاندنی گەمارۆی زیاتر نەبێت لە دژی ئەنساروڵا و حزبوڵا، بەڵكو پرسەكە ئەوە بێت ئایا دوای ئەوەی ئەنساروڵا و حزبوڵا تێكدەشكێندرێن، شەڕەكەیان كۆتایی دێت، یان شەڕەكە بەردەوام دەبێت و حكومەتی تارانیش بڕووخێندرێت؟

سەبارەت بەو سیناریۆیەی ئیسرائیل و سعودیە بۆ ئەم شەڕە دەینووسنەوە، گۆمانی تێدا نییە، سعودیە لای خۆیەوە شەڕی لەدژی حوسییەكان بەردەوامە لەدوای هەفتەی رابردووشەوە كە میلیشیكانی ئەنساروڵای حوسی مووشەكێكیان گرتە فڕۆكەخانەی ریازی پایتەختی سعودیە، ئەوا سعودیە گەمارۆی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی خستۆتە سەر یەمەن، لەبەرامبەریشدا ئیسرائیل جیا لەوەی گەمارۆی ئاسمانی و ئاوی خستۆتە سەر حزبوڵای لوبنانی، ئەوا ماوەی چەند هەفتەیەكیشە بێ گوێدانە هیچ كاردانەوەیەكی نێودەوڵەتی گورزی پێشوەختە (الضربات الاستباقیة)ی لە بنكەكانی حزبوڵا و میلیشیا پرۆئێرانییەكانی دیكەی ناو سووریا وەشاندووە، بەڵام لە هەردوو لای سعودیە و ئیسرائیلەوە، هەڵمەتێكی گەورەی دیپلۆماتی دەستی پێكردووە بۆ ئەوەی كارە ناسەقامگیرییەكانی حزبوڵای لوبنانی و رۆكێتە دوورهاوێژەكانی ئەنساروڵای حوسی وەك هێرشی راستەوخۆی ئێران بۆ سەر سعودیەو هەڕەشەی راستەوخۆی ئێران بۆ نەمانی ئیسرائیل بخرێتەڕوو.

سەبارەت بە سعودیە، رۆژ لەدوای رۆژ پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ تۆمەتباركردنی ئێران بە رۆكێتی حوسییەكان زیاتر دەبێت و تا ئێستا ٣ ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش (فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریكا) پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ هەڵوێستی سعودیە دەربڕیوە و رۆكێتی حوسییەكانیشیان وەك رۆكێتی ئێرانی ناساندووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمە سەرەتای هەڵمەتێكی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی ئێران وەڵامی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بداتەوە، بەوەی ئەو رۆكێتانەی ئەنساروڵای حوسی لە سعودیەی دەگرێت و باس لەوەش دەكەن لە ئایندەیەكی نزیكدا مەوداكەی دەگاتە ئەوەی ئەبوزبیش رۆكێتباران بكەن، ئایا ئەم رۆكێتانە ئێرانین، یان نە؟ كۆماری ئیسلامی ئێران هەتا ئێستا وەڵامی بۆ رۆكێتی حوسییەكان ئەوە بووە، كە ئەوە كاردانەوەی شەڕی سعودیە لەگەڵ حوسییەكانە و پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە، بەڵام ئەوەی سعودیە لەم هەواڵەی ئێران نیگەران كردووە، ئەوەیە ئێران بە شێوەیەكی زمنی پشتگیری لە رۆكێتبارانكردنی سعودیە لەلایەن حوسییەكانەوە دەكات.

لەم سناریۆیەدا، پێدەچێت ئیسرائیل لەبەرامبەر هەڕەشەكانی حزبوڵا لە باشووری لوبنان و سووریاوە، زۆر بایەخ بە كاردانەوە، یان پشتگیری نێودەوڵەتی نەدات، هەتا چاوەڕێی ئەوە بكات، هێرش بكاتە سەر حزبوڵا، یان

**لە ئێستادا حزبوڵا لە لوبناندا بەهەمان شێوەی ئیمارەتەكەی تالیبان لە ئەفغانستان بۆتە چەتری حەوانەوە و راهێنان و مەشق پێكردنی تەواوی میلیشیا پرۆئێرانییەكانی سوپای پاسداران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**كاتێك نوری مالیكی لەسەر راسپاردەی ئێران لەدوای ٢٠١٢ كەوتە تەسفیەی هەموو سەركردەكانی سوننە، ئەوە بوو ئەمجارەیان لەبری دروستكردنەوەی قاعیدە، رێكخراوی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیان لە عێراق و شام (داعش) پێكهێنا، داعشیش ئەو رێكخراوە تیرۆریستییە دەرچوو كە ماوەی سێ ساڵە هەموو جیهانی كۆكردۆتەوە و هێشتاش بە تەواوەتی ریشەكێش نەكراوە**

میلیشیا پرۆئێرانییەکانی دیکە لەناو خاکی سووریا، بەڵکو کێشەی سەرەکیی ئیسرائیل ئەوەیە کە کاتێك هێرش دەکاتە سەر حزبوڵا لە باشووری لوبنان و سووریا، خەڵکی سڤیل دەبنە قوربانی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رێگەی ئەو قوربانییە سڤیلانە گوشار نەخاتە سەر ئیسرائیل هەتا شەڕەکە رابگرێت، هەروەك چۆن هەفتەی رابردووش حوسییەکانی یەمەن دوای بۆمبارانکردنیان لەلایەن فڕۆکەکانی سعودیەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی قوربانییە سڤیلەکان بۆ ئەوەی سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دژی سعودیە بجووڵێنن.

عەرەبستانی سعودیە کە لە ئێستادا بەشێوەیەکی کردەیی، دەسەڵاتی گواستۆتەوە بۆ شازادە محەمەد سەلمان، مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت چیدیکە شێوازی بڕیاروەرگرتن لە حکومەتی سعودیە بە شێوە خاوەکەی پێشان نەبێت و چاوەڕێ دەکرێت بڕیاری زۆر قورس و یەکلاکەرەوە بۆ شەڕی دژی حوسییەکان و هەروەها ئێرانیش وەربگیرێت، هەروەك چۆن لە بواری دژایەتیکردنی گەندەڵی، شازدە محەمەد سەلمان ئەو بڕیارە بوێرانەی دەرکرد بە بەندکردنی شازادەکانی سعودیە کە وەك باسی دەکەن ١١ کەسیان لەو شازادانە ئامۆزای خۆی بن.

پشتگیری ئەمریکا و رۆژئاوا لە هەنگاوەکانی شازادە محەمەد سەلمان بەرامبەر بە گەندەڵیی شازادەکانی دیکەی سعودیە، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵیی ئەو شازادانە پەیوەندی بە هەناردەکردنی پارەوە بووە بۆ گروپە توندڕۆیە ئیسلامییەکان، ئەوجا ئەم هەنگاوەیان بۆ پاراستنی سەروەت و سامانیان بووە، یان پەیوەندی بە قەناعەتی خۆیانەوە هەبێت بەو گروپانە، تائێستا دیار نییە، بەڵام ئەم هەنگاوە گرنگەی محەمەد سەلمان ئەوەمان پیشاندەدات، کە بڕیاری داهاتووی محەمەد سەلمان زۆر لە بڕیارەکەی ساڵی ٢٠١٥ی شا سەلمانی باوکی بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی عەرەبی و ئیسلامی دژی حوسییەکانی یەمەن، قورستر و بوێرانەتر و یەکلاکەرەوەتر دەبێت. شازادە محەمەد سەلمان لەمیانەی لێدوانە توندەکانی بەرامبەر بە ئێران، ئەوەی دەرخستووە کە خاڵی بەهێزی ئێران هەتا ئێستا ئەوە بووە کە نەیهێشتووە هەموو ئەو شەڕانە لەسەر خاکی ئێران بەڕێوەبچن و هەموو شەڕەکان بە رێگەی وەکیلەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامداوە، سەبارەت بەم خاڵە محەمەد سەلمان دەیەوێت ئەم خاڵە بەهێزەی ئێران بشکێنێت، بۆیە راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، کە دەبێت شەڕی ئەمجارە لەگەڵ ئێران لەسەر خاکی ئێران و لەناو ئێراندا کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، سەبارەت بەم بۆچوونەی محەمەد سەلمان، چاودێران و شرۆڤەکارانی سیاسی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەم پێداگیرییەی سعودیە بۆ ئەوەی شەڕی داهاتوو ببرێتە ناو خاکی ئێرانەوە، تەواو لەگەڵ بیروبۆچوونی تازەی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئێران یەك دەگرێتەوە، کە بەشێکی داوای گۆڕانکاری، یان رووخانی حکومەتی تاران دەکات، هەر بۆیە ئەمریکا زۆر بە گەرمی پێشوازی لە هەڵوێستی ئەم دواییەی سعودیە لە دژی ئێران دەکات.

لایەنێکی دیکە کە تا رادەیەك هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئێران تێکەڵ کردووە، پرسی رەتکردنەوەی رێککەوتنی ئەتۆمی ٥+١ لەگەڵ ئێرانە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە رێککەوتنی ٥+١ ئەوەیە، کە ئەم رێککەوتنە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران هەڵبگرێت، بەمەش پارەیەکی زۆر باش گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و بەم پارەیەش هاوکاری میلیشیا پرۆئێرانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و ئەو هەڕەشەیە دروست بووە کە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا هەڵوێستی پێنج دەوڵەتەکەی دیکە کە بریتین لە (فەرەنسا و رووسیا و چین و بەریتانیا و ئەڵمانیا) لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەو رێککەوتنە شتێکی دیکەیەو نایانەوێت لەو رێککەوتنە بێنەدەرەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمریکا ئەو پێنج دەوڵەتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەسەر رەفتارە شەڕانگێز و ناسەقامگیرەکانی ئێران و مەترسیی رۆکێتە دوورهاوێژەکانی، دەکرێت هەڵوێستی دیکەو سزای دیکە بەرامبەر بە ئێران بگیرێتەبەر و لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە تیکەڵ نەکرێت،

**سوپای پاسداران تەجنیدکردنی شیعەی لوبنان و سووریا و عێراق و ئەفغانستان و پاکستان، لە چوارچێوەی پرۆسەی دۆزینەوەی کار بۆ لاوەکانی شیعە پیادە دەکات، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی چەکدارەکانی ناو میلیشیا پرۆئێرانییەکان، وەک ئەرک و پیشە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت**

**ئەو میلیشیایانەی لە سووریاوە رەوانەی عێراق دەکرانەوە لەژێر ناوی رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق دژی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا، زۆر باشتر لە شەڕەکانی ئەفغانستان، لەعێراقدا دژی ئەمریکا شەڕیان دەکرد و، شێوازی شەڕکردنی حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامی عەرەبی شیعە لە عێراقدا زۆر لەشەڕی چەکدارانی قاعیدەی عێراقی دەکرد**



سەبارەت بەم لایەنەیان دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات و بەحرێن و میسر و ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەکی زۆر هەڵوێستیان پشتگیریکردنە لە هەڵوێستی ئەمریکا بۆ هەڵوەشانەوەی رێککەوتنی ئەتۆمی ٥+١ لەگەڵ ئێراندا، بەڵام لە هەمانکاتدا لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیاش هاوهەڵوێستن کە لەدژی رەفتارە ناسەقامگیرەکانی ئێران لەناوچەکەدا، سزای تازە لە دژی ئێران بسەپێنرێت و پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی لەگەڵ تاقیکردنەوە مووشەکییەکان و شەڕی وەکیلەکانی ئێران تێکەڵی یەکتری نەکرێت.

**● بەبێ بەرپەرچدانەوەی راستەوخۆی ئێران شەڕی میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران سەرکەوتوو نابێت**

هەموو ئەوانەی پسپۆڕ و تایبەتمەندن لەبواری بەرگری و ئاسایش، بەو راستییە ئاشنان کە ئامانجی ستراتیژیەتی ئێران هەوڵدانە بۆ بالادەستی و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی شۆڕشی ئیسلامی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئێران تا رادەیەکی زۆر توانیویەتی لەم ستراتیژەدا سەرکەوتوو بێت و چەندین وڵاتی بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کردووە وەك عێراق و سووریا و لوبنان و تا رادەیەکی زۆریش یەمەن و هەروەها هەوڵیداوە کە مەترسییەکی گەورە لەسەر بەحرێن دروست بکات، ئەم حاڵەتە پرسیاری ئەوەی لا دروستکردوون، ئایا چۆن ئێران توانیویەتی ئەم ئامانجە ستراتیژییەی خۆی بەدەست بهێنێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە توێژەران و تایبەتمەندان ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ دەکەن، لەوانە:

١. لەساڵی ١٩٧٩وە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئێران بە رێگەی دامەزراندنی سوپای پاسداران هەوڵیداوە دەستتێوەردان لە تەواوی ئەو وڵاتانە بکات کە شیعەی تێدایە، بۆ ئەمەش لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی هێمن و لەسەرخۆدا هەوڵیداوە میلیشیای چەکداری بۆ شەڕێکی غەیرە تەقلیدی ئامادەبکات.



٢. راستە لە سەرەتاوە ئێران سەرچاوەی دارایی و چەك و پێداویستی بۆ ئەم میلیشیا چەكدارانە پەیدا كردووە، بەڵام وردە وردە هەوڵیداوە كە سەرچاوەی ئابووریی دەرەكی بۆ دابینكردنی پێداویستی ئەو میلیشیایانە دابین بكات، ئەمەش بەشێكیان بە رێگەی رەوەندی شیعە لە سەرانسەری جیهان، بەشێكیشی لەو وڵاتانە سەرچاوەی داراییان بۆ دابین دەكات كە میلیشیاكانی تێدا دروست دەكات، بۆ نموونە عێراق و سووریا، كە پێداویستی ئەم میلیشیایانە لەهەردوو حكومەتی عێراق و سووریاوە دابین دەكات.

٣. شێوازی راهێنان و مەشق پێكردنی ئەم میلیشیا پرۆ ئێرانییە، ئامادەكردنە بۆ شەڕێكی غەیرە نیزامی، یان تەقلیدی، ئەمەش بەو مانایەی ئەم میلیشیایانە وەك سوپایەكی نیزامی شەڕ لەگەڵ بەرامبەرەكەیان ناكەن، بەڵكو زیاتر شەڕی گەریلایی (حرب العصابات) دەكەن و خۆیان تیكەڵی خەڵكانی سڤیل دەكەن، بۆ ئەوەی لە كاتی رووبەڕووبوونەوەدا خەڵكانی سڤیل ببنە قوربانی و كارە تیرۆریستییەكانی ئەوان فەرامۆش بكرێن.

٤. شێوازی كاری سوپای پاسداران لە رێگەی هێزی سوپای قودس و ئیتلاعاتی ئێرانەوە، تێكەڵكردنی ئەندامانی خۆیانە بۆ ناو دامەزراوە سیاسی و سەربازییەكانی ئەو دەوڵەتە، دروستكردنی هێزێكە لەناو دەوڵەتدا بەرامبەر سوپای ئەو دەوڵەتە، هەر بۆ نموونە وەك هێزەكانی حزبوڵا لە لوبناندا، میلیشیاكانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا.

٥. تۆڕی میلیشیاكانی سوپای پاسداران، شەڕ و رووبەڕووبوونەوەكانی ئێرانی لەگەڵ دوژمنەكانی بردۆتە دەرەوەی خاكی ئێران، ئەمەش واتە ئێران لەگەڵ دوژمنەكانی لە دەرەوەی خاكی خۆی شەڕ دەكات، هەروەها پێكهاتەی ئەندامەكانی ئەم میلیشیایانە خەڵكانی ئێرانی نین، بەمەش هاووڵاتی ئێرانی لەو شەڕانە دوور خستۆتەوە، هەر بۆیە كاتێك سوپای پاسداران دەیەوێت بە رێگەی ئەم میلیشیا وەكیلانە ئامانجەكانی خۆی جێبەجێ بكات، ئەوا نە شەڕەكە لەسەر خاكی ئێرانە، نە ئەوانەشی دەبنە قوربانی هاووڵاتیانی ئێرانن، بۆیە چەند كەس لە ناو ئەو میلیشیا پرۆئێرانییانە بكوژرێن، لەبەر ئەوەی تەرمەكانیان نابرێنەوە بۆ ئێران، ئەوا هیچ گوشارێك لەناوخۆی ئێراندا دروست ناكات.

٦. سوپای پاسداران تەجنیدكردنی شیعەی لوبنان و سووریا و عێراق و ئەفغانستان و پاكستان، لە چوارچێوەی پرۆسەی دۆزینەوەی كار بۆ لاوەكانی شیعە پیادە دەكات، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی چەكدارەكانی ناو میلیشیا پرۆئێرانییەكان، وەك ئەرك و پیشە مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، ئەمە بێجگە لەوەی بەرگێكی پیرۆزی شیعەگەرایی بەبەردا كراوە، بۆ ئەوەی وەك (بەرگری پیرۆز) سەیر بكرێت.

ئەگەر لەم خاڵانەوە سەیری پێكهاتەی میلیشیا پرۆئێرانییەكانی سوپای پاسداران لە یەمەن تا عێراق بكەین، دەبینین ئەم میلیشیا چەكدارانەی سوپای پاسداران هەمان مەترسی چەكدارەكانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش بە شێوەكی زۆر فراوانتر دووبارە دەكەنەوە، لەمەش زیاتر سوپای نیزامی دووچاری كێشەی

**لەساڵی ١٩٧٩وە دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئێران بە رێگەی دامەزراندنی سوپای پاسداران هەوڵیداوە دەستتێوەردان لە تەواوی ئەو وڵاتانە بكات كە شیعەی تێدایە، بۆ ئەمەش لەچوارچێوەی پرۆسەیەكی هێمن و لەسەرخۆدا هەوڵیداوە میلیشیای چەكداری بۆ شەڕێكی غەیرە تەقلیدی ئامادەبكات**

**چاودێران و شرۆڤەكارانی سیاسی جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، ئەم پێداگیرییەی سعودیە بۆ ئەوەی شەڕی داهاتوو ببرێتە ناو خاكی ئێرانەوە، تەواو تەواو لەگەڵ بیروبۆچوونی تازەی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئێران یەك دەگرێتەوە، كە بەشێكی داوای گۆڕانكاری، یان رووخانی حكومەتی تاران دەكات، هەر بۆیە ئەمریكا زۆر بە گەرمی پێشوازی لە هەڵوێستی ئەم دواییەی سعودیە لە دژی ئێران دەكات**

گـەورە دەكـەن، كاتێـك لەگـەڵ ئـەم میلیشـیایانە ڕووبـەڕوو دەبنـەوە. پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە: ئایا چەكدارانی ڕێكخراوی تیرۆریستیی قاعیـدە بـە لاسـاییكردنەوەی میلیشـیا پرۆئێرانییەكانـی سـوپای پاسـداران، فێـری ئـەو شەڕە غەیرە تەقلیدیە بوون، یان سوپای پاسداران سـوودی لـە ئەزموونـی موجاهیدەكانـی پێشـووی ئەفغانسـتان (قاعیـدەی ئێسـتا) لەشـەڕی دژی سۆڤیەتی پێشان لە هەشتاكانی سـەدەی ڕابردوو وەرگرتـووە؟

بەپێـی ئـەو توێژینەوانـەی لەمبـارەوە كـراون، هەندێـك لـە توێـژەر و پسـپۆڕان پێیانوایـە كاتێـك سـوپای سـۆڤیەتی پێشـان لەسـاڵی ١٩٨٠ ئەفغانستانی داگیركرد، هێشتا سوپای پاسداران دانەمەزرابـوو، بۆیـە كاتێـك موجاهیدەكانـی ئەفغانـی بـە پشـتیوانی ئەمریـكا و ڕۆژئـاوا ڕووبـەڕووی هێزەكانـی سـۆڤیەتی پێشـوو بوونـەوە و دواتریـش توانییـان سـۆڤیەت ناچـار بكـەن لـە ئەفغانسـتان بكشـێتەوە، ئـەوا ئەوانـە پێیانوایـە، سـوپای پاسـداران نـەك هـەر سـوودێكی هێجـگار گـەورەی لـە موجاهیدەكانـی ئەفغانـی وەرگرتـووە، بەڵكـو لـە شـەڕی موجاهیدەكانـی ئەفغانسـتان دژی سـۆڤیەتی پێشـوو، ئێـران زۆر بـە گەرمـی پشـتگیری لەشـەڕی موجاهیدەكانـی ئەفغانسـتان كـردووە، لەمـەش زیاتـر ئـەو پسـپۆڕانە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەكەنـەوە، دوای ئـەوەی موجاهیدەكانـی ئەفغانـی لـەدوای سـاڵی ١٩٩٠ ڕێكخـراوی تیرۆریسـتیی قاعیدەیـان دژی ئەمریـكا و ڕۆژئـاوا دامەزرانـد، دیسـان ئامانجـی ڕێكخـراوی تیرۆریسـتیی قاعیـدە لەگـەڵ كۆمـاری ئیسـلامی ئێران یەكی گرتۆتـەوە و ئـەو پەیوەندییـە لـە هەشـتاكاندا لەگـەڵ موجاهیدنـی ئەفغانـی لەگـەڵ ئێـران دروسـت بـووە، لـەدوای دامەزراندنـی ریكخـراوی قاعیـدەش ئـەو پەیوەندیە درێـژەی هەبـووە و ئـەو بەڵگەنامەیانـەش كـە بـەم دواییـە دەزگای هەواڵگـری (CIA) لەسـەر پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی ئوسـامە بـن لادنـی سـەرۆكی ڕێكخـراوی قاعیـدە و ئێـران ئاشـكرای كـردووە، دووپاتكردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییەیە كـە ئـەو پەیوەندیـە بوونـی هەبـووە.

بەشـێكی دیكـەی توێـژەران بەتایبەتـی كـە توێژینەوەكانیـان لـە چوارچێـوەی بەراوردكارییـە لـە نێـوان (جیهـادی سـوننە و جیهـادی شـیعە) لـەو بڕوایـەدان لەبـەر ئـەوەی سـوپای پاسـداران دامەزراوەیەكـی دەوڵەتـی ئێرانـی بـووە و لەسـەر بڕیـاری خومەینـی دامـەزراوە و ئەركـی هەناردەكردنـی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران بـووە و ئێرانیـش دەوڵەتێكـی گـەورە و بەئیمكانیـەت بـووە، ئـەوا هەتـا ئەگـەر سـوپای پاسـدارانی ئێرانـی سوودیشـی لـە ئەزموونـی شـەڕی چەكـداری موجاهیدەكانـی ئەفغانـی وەرگرتبێـت، بـەڵام شـێوازی پەرەپێدانـی میلیشـیا چەكدارەكانـی سـوپای پاسـداران زۆر لـە میلیشـیاكانی موجاهیدەكانـی ئەفغـان و دوا تریـش لـە میلیشـیاكانی ئەلقاعیـدە خێراتـر بـووە، بەڵگەشـیان لەسـەر ئـەم بۆچوونـە ئەوەیـە، ئـەو میلیشـیایانەی لـە سـووریاوە ڕەوانـەی عێـراق دەكرانـەوە لەژێـر نـاوی ڕێكخـراوی قاعیـدەی لقـی عێـراق دژی داگیـركاری ئەمریـكا لـە عێراقـدا، زۆر باشـتر لـە شـەڕەكانی ئەفغانسـتان، لەعێراقـدا دژی ئەمریـكا شـەڕیان دەكـرد و، شـێوازی شـەڕكردنی حەرەكـەی مقاوەمـەی ئیسـلامی عەرەبـی شـیعە لـە عێراقـدا زۆر لەشـەڕی چەكدارانـی قاعیـدەی عێراقـی دەكـرد، بۆیـە پێدەچێـت لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣وە، جارێكـی دیكـە میلیشـیا چەكدارەكانـی قاعیـدە لـە عێراقـدا سـوودیان لـە میلیشـیا شـیعەكان وەرگرتبێـت و ئاشكراشـە كـە لەلایـەن ڕژێمـی بەشـار ئەسـەدەوە و بـە ئـاگاداری سـوپای پاسداران هـاوكاری چەكدارانـی قاعیـدە لـە عێـراق كـراوە. بـۆ پشتڕاسـتكردنەوەی ئـەم بۆچوونـە، ئـەو پسـپۆڕانە پێیانوایـە، ڕاسـتە حكومەتـی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی نـوری مالیكـی پشـتگیری ئـەو پلانـەی ئەمریـكای كـرد بـۆ تێكشـكاندنی قاعیـدەی لقـی عێـراق، كـە ئەویـش پێكهێنانـی هێزێكـی عەشـایەری سـوننە بـوو بـە نـاوی (ئەلسـەحوە)، بـەڵام هـەر زوو نـوری مالیكـی بـە ئاگاداركردنـەوەی لەلایـەن ئێرانـەوە لـەو ڕاسـتییە، دوای تێكشـاندنی داعـش ڕێگـەی نـەدا هێزەكانـی سـەحوە تیكـەڵ هێزەكانـی ئاسایشـی عێـراق بـن، ئەمـەش لـەو ڕوانگەیـەوە بـوو، ئەگـەر هێـزی عەشـایری سـەحوە بـە پشـتگیری لوجیسـتی ئەمریـكا ئـەو توانایـەی هەبێـت كـە هێزێكـی وەك قاعیـدەی عێـراق تێكبشـكێنێت، كـە سـووریا و ئێـران خۆیـان بـۆ دەرپەڕاندنـی هێزەكانـی ئەمریـكا

**شازادە محەمەد سەلمان لەمیانەی لێدوانە توندەكانی بەرامبەر بە ئێران، ئەوەی دەرخستووە كە خاڵی بەهێزی ئێران هەتا ئێستا ئەوە بووە كە نەیهێشتووە هەموو ئەو شەڕانە لەسەر خاكی ئێران بەڕێوەبچن و هەموو شەڕەكان بە ڕێگەی وەكیلەكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامداوە**

**ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ تۆمەتباركردنی ئێران بە ڕۆكێتی حوسییەكان زیاتر دەبێت و تا ئێستا ٣ ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش (فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریكا) پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ هەڵوێستی سعودیە دەربڕیوە و ڕۆكێتی حوسییەكانیشیان وەک ڕۆكێتی ئێرانی ناساندووە**

لە عێراقدا هاوکارییان کردوون، ئەوا هێزی عەشایەری سەحوەی عەرەبی سوننەی عێراق، ئەگەر وەك خۆیان بهێڵێرێنەوە، هەڕەشەی جددی لەسەر حوكمڕانی شیعە دروست دەكەن.

بێگومان ئەم ترسەی ئێران و نوری مالیكی لە جێگەی خۆیدا بوو، لەبەر ئەوەی كاتێك نوری مالیكی لەسەر راسپاردەی ئێران لەدوای ٢٠١٢ كەوتە تەسفیەی هەموو سەركردەكانی سوننە، ئەوە بوو ئەمجارەیان لەبری دروستكردنەوەی قاعیدە، ڕێكخراوی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام ( داعش) پێكهێنا، داعشیش ئەو ڕێكخراوە تیرۆریستییە دەرچوو كە ماوەی سێ ساڵە هەموو جیهانی كۆكردۆتەوە و هێشتاش بە تەواوەتی ریشەكێش نەكراوە.

ئاماژەكردنمان بۆ شەڕی چەكداری میلیشیای وەك كاراكتەری غەیرە دەوڵەتی، كێشەیەكی ئاسان نییە و، هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریكاش ئەو ڕاستییە باش دەزانن كە شەڕكردن لەگەڵ میلیشیای هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی و حوسییەكانی یەمەن و حەشدی عێراق و میلیشیا شیعەكانی دیكە لە سووریا كارێكی ئاسان نییە و شتێكی ئەوتۆ لەگەڵ شەڕی دژی قاعیدە و داعش جیاوازی نییە، بۆیە ئەگەر شەڕەكە بەو جۆرە بێت كە ئێران و سوپای پاسداران ئومێدی بۆ دەخوازن و دەیانەوێت ئەم شەڕە تەنیا بە ڕێگەی میلیشیا چەكدارە وەكیلەكانیانەوە لە دەرەوەی خاكی ئێران لە یەمەن، یان لوبنان، یان سووریا و عێراق بەڕێوە بچێت، ئەوا لایەنی دووەمی شەڕەكە كە هاوپەیمانەكانی ئەمریكان لەناوچەكەدا دەبێت لەو ڕاستییە ئاگادار بن، چۆن شەڕی داعش بووە هۆكاری كاولبوونی هەموو شارەكانی سوننە لە عێراق و سووریا، بە هەمان شێوە هەموو ئەو ناوچانەش كاول دەبن كە شەڕی تێدا هەڵدەگیرسێت دژی میلیشا پرۆئێرانییەكانی سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش ئەگەر ڕوویدات، ئەوا لایەنی زەرەرمەندی یەكەم لەم شەڕەدا هاوپەیمانەكانی ئەمریكا دەبن، نەك میلیشیا وەكیلەكانی سوپای پاسدارانی ئێران لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە دوای كارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، جۆرج دەبلیو بوش، لەبری تۆڵەكردنەوە لە ڕێكخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لە سەر تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك، هەستا بە ڕووخاندنی ئیمارەتەكەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، لە ئێستادا حزبوڵا لە لوبناندا بەهەمان شێوەی ئیمارەتەكەی تاڵیبان لە ئەفغانستان بۆتە چەتری حەوانەوە و ڕاهێنان و مەشق پێكردنی تەواوی میلیشیا پرۆئێرانییەكانی سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك ژەنراڵ كلاوس نۆمان ئەندامی لیژنەی باڵای سەربازی بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەكانی حزبوڵای لوبنانی لە دیراسەتێكدا بە ناونیشانی: «كارە تیرۆریستەكانی حزبوڵا: چۆن خۆمان لەشەڕی سێیەمی لوبنان بپارێزین؟» ئاماژەی پێكردووە: (حزبوڵای لوبنانی گەوهەری درەوشاوەی تاجی ستراتیژیەتی ئێران بۆ بڵاوكردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە)، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ڕووخاندنی ئیمارەتەكەی حزبوڵا لە لوبناندا، دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە مەترسیی حزبوڵا و ئەنساروڵا و تەواوی میلیشیاكانی دیكەی وەك حەشدی شەعبی لەسەر تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كۆتایی بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە لێدوانە توندەكانی شازادە محەمەد سەلمانی سعودیە دژی ئێران سەرچاوە دەگرێت، كە مەترسیی سەرەكی لەسەر تێكدانی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیمارەتەكەی حزبوڵا نییە لە لوبنان، یان ئیمارەتەكەی ئەنساروڵای حوسی نییە لە یەمەن، بەڵكو مەترسیی سەرەكی ئیمارەتەكەی سوپای پاسدارانە لەناو دەوڵەتی ئێراندا و ئەگەر جیهان بەنیازی ئەوە بێت كە هەڕەشەی ناسەقامگیری و پشتگیری تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بخاتەوە، ئەوا دەبێت شەڕەكە بخرێتە ناو ئێرانەوە و لەگەڵ ئێران كێشەكان یەكلایی بكرێتەوە، ئەوكات نە ئیمارەتەكەی حەشدی شەعبی لە عێراق و نە ئیمارەتەكەی حزبوڵا لە لوبنان و نە ئیمارەتەكەی ئەنسارولای حوسی لە یەمەن بوونیان دەبێت و نە بەحرێنیش وەك یەكێك لە دەوڵەتەكانی كەنداو دەبێتە پەناگەیەك بۆ میلیشیا پرۆئێرانییەكان و وەكیلێك بۆ هێرشكردنە سەر عەرەبستانی سعودی.

**لە هەردوو لای سعودیە و ئیسرائیلەوە، هەڵمەتێكی گەورەی دیپلۆماتی دەستی پێكردووە بۆ ئەوەی كارە ناسەقامگیرییەكانی حزبوڵای لوبنانی و ڕۆكێتە دوورهاوێژەكانی ئەنساروڵای حوسی وەک هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر سعودیەو هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ نەمانی ئیسرائیل بخرێتەڕوو**

**پێدەچێت ئەمجارەیان پلانی سعودیە و ئیسرائیل و ئەمریكا، هاوشێوەی پلانەكەی بەریتانیا بێت بۆ شەڕی فوكلاند و پرسەكە لەنێوان ڕاگەیاندنی شەڕ و سەپاندنی گەمارۆی زیاتر نەبێت لە دژی ئەنساروڵا و حزبوڵا، بەڵكو پرسەكە ئەوە بێت ئایا دوای ئەوەی ئەنساروڵا و حزبوڵا تێكدەشكێندرێن، شەڕەكەیان كۆتایی دێت، یان شەڕەكە بەردەوام دەبێت و حكومەتی تارانیش بڕووخێندرێت؟**



# حزبوڵای لوبنانی خوازیاری ئەوەیە شەڕێکی دیکە دژی ئیسرائیل دروست بکات

**ریچارد کیمپ**
فەرماندەی پێشووی هێزەکانی بەریتانیا لە ئەفغانستان



**ریچارد کیمپ فەرماندەی پێشووی هێزەکانی بەریتانیا لە ئەفغانستان و سەرۆکی تیمی دژەتیرۆری نێودەوڵەتی لە لیژنەی هەواڵگری هاوبەشی بەریتانیا، زۆر بە توندی ئەو پێشبینییە دەخاتەڕوو کە حزبوڵای لوبنانی ئاگری شەڕی سێیەمی لوبنان خۆش دەکات، لە پەنێلکدا بە ناونیشانی (ڕێگرتن لەشەڕی سێیەمی لوبنان) لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستی خۆی دەربڕی.**

ئەمڕۆ تاکە دەرفەت لەبەردەم رۆژئاوادایە بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی شەڕی زیاتر لەنێوان حزبوڵا و ئیسرائیل، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە زۆر لە حکومەتەکان پەرچەکرداری رەمەکییان لەهەمبەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل بگۆڕن، لەئێستادا ئەگەرێکی زۆر هەیە کە حزبوڵا شەڕێکی دیکە بەرپا بکات، بەتایبەتیش لەو پێگەیەیدا کە بریکاری سەرەکیی ئێرانە دژی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانیان، بێگومان گروپە سەربازییە پلەباڵاکە (HLMG) نیمچە دڵنیایە لەوەی کە کاتێ شەڕ دەست پێدەکات، ئیسرائیل هەست دەکات کە ناچار دەبێت بە هەموو هێزو خێرایی و توانایەکیەوە وەڵام بداتەوە، لە کاتێکیشدا کە ئۆپەراسیۆنەکانی دەبێتە هۆی کەوتنەوەی قوربانییەکی زۆری هاووڵاتیانی سیڤیل، بەتایبەتیش لە باشووری لوبنان.

حزبوڵا بە تەواوی دەرك بەو شتە دەکات و هیواخوازە کە ئەو کردەوە سەربازییانە بورووژێنێت، ئەو حزبە پشتئەستوورە بە زیانێکی زۆری قوربانییان، تاکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژ بە ئیسرائیل هان بدات، چونکە دەزانێت



کە زۆر لە حکومەتەکان لەخۆڕا ئیسرائیل جیادەکەنەوەو تەنانەت پەراوێزیشی دەخەن، کاتێ داکۆکی لە خۆیان دەکەن، حزبولڵا وەك بزووتنەوەی حەماس و گروپەکانی هاوشێوەی ئەو، هەوڵدەدەن گەلەکۆمەك بۆ خۆی مسۆگەربکات، تاکو ئیسرائیل تۆمەتباربکات بەوەی کە تاوانی شەڕ ئەنجام دەدات، لەبەر ئەو هۆیەشە چاوەڕوان ناکرێت کە ئیسرائیل بیر لە هێرشێکی گەورەی پێشوەختە بکاتەوە لە لوبنان.

بۆیە لەسەر حکومەتەکانی ڕۆژئاوا پێویستە چاوبخشێننەوە بە پەرچەکرداریان لەهەمبەر ئەو کردەوە سەربازی و ئۆپەراسیۆنانەی دژەتیرۆر کە ئیسرائیل لە ژێر پاساودا ئەنجامی دەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاکو نەکەونە تەڵەو داوی حزبولڵاوە.

لە بەدبەختی، زۆرجار حکومەتەکانی ئەوروپا هەوڵدەدەن لەو حاڵەتانەدا وڵاتانی عەرەبی رازی بکەن، ئەم بیرکردنەوەیەش هەر دەمێنێت مادامەکی بەرپرسان دەڕواننە ئەو تیرۆرەی دژی ئیسرائیلە، بەشێوەی جیاواز لەوەی کە دەڕواننە ئەو تیرۆرەی کە دژی وڵاتانی دیکەیە.

# جبەخانەکانی حزبوڵا زیاتر لە ١٠٠ هەزار ڕۆکێتی تێدایە کە هەندیکیان ٢٥٠ کیلۆمەتر دەبڕێت



**ریچارد دانات**
سەرۆکی پێشووی ستاڤی ژەنراڵەکانی بەریتانیا

**ریچارد دانات سەرۆکی پێشووی ستاڤی ژەنراڵەکانی سوپای بەریتانیا بووە و ئێستاش ئەندامی گروپی پرۆژەی پلە باڵا سەربازییەکانە و یەکێکە لە ئەندامانی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی کارە تیرۆریستییەکانی حزبوڵا و مەترسیی شەڕێکی دیکە لەناوچەکەدا، لەو پرۆژەیەدا ریچارد ناب بەمجۆرە مەترسییەکانی حزبوڵای لوبنانی دەخاتەڕوو.**

لە دوای شەڕی لوبنان لە تەمموزی ٢٠٠٦ ـەوە، حزبوڵا توانیویەتی پەرە بە تێگەیشتن و توانای ستراتیژیی خۆی بدات، دیارە پێویستیشە کە لەو مەترسییانە تێبگات کە دێنەپێشێ، ئەمەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەگەری ڕوودانی هەر هێرشێك و هاوکات چۆنێتیی پەرچەکرداری ئیسرائیل، ئەوەی پەیوەستە بە توانای شەڕکردنی زەمینی، دەبینین کە حزبوڵا زۆر لە باندو گرووپە تیرۆریست و باندەکانی تێپەڕاندووە، ئێستا ئەو نزیکترە لە هێزێکی یەکگرتووی سەربازییەوە، وێڕای هەیکەلییەت و ریزبەندیی سەرکردایەتیکردن، ژمارەی سەربازەکانی زۆر زیادیکردووە، کە نزیکەی ٢٥ هەزار شەڕکەری چالاکی هەیە لەگەڵ ٢٠ هەزار چەکداری یەدەگ، نزیکەی ٥ هەزار سەربازی چالاکی ئەو حزبە سەرقاڵی مەشقی چڕن لە ئێران.

لە هەمان کاتدا جبەخانەی حزبوڵا زۆر فراوان بووە کە ١٠٠ هەزار موشەك و گوللە تۆپ و هەزارانی دوورهاوێژ لەخۆ دەگرێت کە مەودایان ٢٥٠ کیلۆمەترە، هەر لەم چوارچێوەیەدا هێزی وشکایی ئەو حزبە چەکی کلاشنکۆفی جۆری «AK-47» و دووربینی شەوانەیان پێدراوە، لەگەڵ چەکی پێشکەوتووی دژەتانگ، لەپاڵ شارەزایی تەواوی تەقینەوەکان، لەم دواییەشدا حزبوڵا یەکەیەکی پشتیوانیی تازەی زرێپۆش و تانکی تازەی بەدەستهێناوە، هەر ئەو حزبە خاوەنی سەدان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و سیستەمی پێشکەوتووی بەرگریی و مووشەکی گەڕۆکی زەمین – دەریایە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی حزبوڵا لە سووریا توانایەکی بەرچاوی شەڕیان بەدەستهێناوە، ئەم هەموو پەرەسەندن و پێشکەوتنە یارمەتیی حزبەکە دەدات کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر ئاستی سریەو کەتیبە ئەنجام بدات. وێڕای ئەو هەموو شتانەش، تا ئێستا حزبوڵا بەشێکی گرنگە لە ستراتیژیەتی شەڕی ئێران بە وەکالەت، دواجار ئەگەر شەڕێك لەگەڵ ئیسرائیل هەڵگیرسا، ئەوا چاوەڕوان دەکرێت ئێران بریکارە تیرۆریستەکانی دیکەی هانبدات تاکو لە هەموو ناوچەکە بەرگری لە حزبوڵا بکەن.



لەم سۆنگەوە چەمكی ستراتیژیی بنەڕەتیی حزبوڵا لە سێ بەشی بەیەكەوە گرێدراو پێكدێت كە بریتین لە: چالاكیی تیرۆریستی و چالاكیی سەربازیی تەقلیدی و چالاكیی سیاسی، لە رووی هەندی شتی دیكەوە دەبینین كە ئەم كارلێكە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە حزبولا ئۆپەراسیۆنەكان ئەنجامدەدات، بێ ئەوەی هیچ نرخ و رەچاوكردنێك بۆ یاساكانی شەڕ دابنێت، لەگەڵ ئەوەی كە بۆتە نیمچە هێزێكی سەربازیی ئاسایی. بۆ نموونە هیچ پەشیمان نییە لەوەی هاووڵاتی سڤیل بۆ پەردەپۆشكردنی چەكدارەكانی بەكاربهێنێت و بیانكاتە ئامانج. بە تێپەڕبوونی كات حزبولا زۆربەی گوندە شیعەنشینەكانی لە باشووری لوبنان كردوون بە بنكەو ژێرخانی سەربازی و ناونووسكردنی بۆ بەسەربازكردن و كۆكردنەوەی چەكی تێدا ئەنجامداون، بەشێوەیەك كە تونێڵی لەژێر زەوی لێداون وەك ئەوەی بۆ شەڕ ئامادەی كردبن. بۆیە پێویستە كۆمەڵگەی مەدەنی دەرك بەوە بكات كە حزبولا بۆتە هەڕەشەیەكی گەورە نەك هەر تەنیا بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵكو بۆ سەر گەلی لوبنانیش، بێگومان لە شەڕی داهاتوودا حزبولا هەوڵدەدات ورەی ئیسرائیل لاوازبكات و دەستكەوتێكی تەكتیكی بەدەست بهێنێت لەمیانی هێرشكردنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل و ژێرخانی زیندووی نێو خاكی ئیسرائیل، رەنگە هەوڵیشبدات كە دەست بەسەر خاكی دیكەشدا بگرێت، وەك هەوڵێك لەپێناو سەلماندنی راستگۆیی بەرگریكردن لەبەردەم وڵاتانی عەرەبیدا. لەوەڵامی ئەمەشدا بەدڵنیاییەوە ئیسرائیل دژە هێرش دەكات، بەمەش هاووڵاتیانی سڤیل لە باشووری لوبنان رووبەڕووی مەترسی دەكاتەوە.

لە كاتێكدا دوا راپۆرتی (گروپی سەربازیی پلە باڵا) جەخت دەكاتەوە لەسەر رێگرتن لە سەرهەڵدانی شەڕی سێیەم، دەكرێ بگوترێت كە بڵێسەی شەڕ بەدەر كەوتووە، هەردوولا بە شێوەی جیاواز دژی یەكتر بە نهێنی خۆیان ئامادە دەكەن، لەم حاڵەتەدا رەنگە ئەوەندە نەخایەنێت كە دۆخەكە لە شەڕی ساردەوە بۆ شەڕێكی گەرم بگۆڕێت.

# هەتا ئێستاش لوبنان دۆستی ئەو کۆمەڵە تیرۆریستە نییە کە لەژێر ناوی حزبوڵا خۆیان مەڵاس داوە

لەبەر ئەوەی کە حزبوڵا توانای سەربازیی پێشکەوتووی هەیەو مەبەستیەتی هاووڵاتیانی سڤیلی ئیسرائیلی بکاتە ئامانج و هاووڵاتیانی لوبنانیش وەك قەڵغانی مرۆیی بەکار بهێنێت، بۆیە شەڕی داهاتوو لە شەڕی پێشوو خراپتر دەبێت، ئەگەر بەرپابوو، ئەوا سەرئەنجامی خراپی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، هاوکات بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی رۆژئاواش رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە. سەبارەت بە رۆژئاوا تا ئەم کاتەش دەتوانێت فتیلی ئەم شەڕە هەڵکێشێت، یان هەر نەبێ ئەنجامە خراپەکانی کەمتر بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا چاوبخشێننەوە بە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لوبنان، هەروەها بەم شێوەیە سیاسەتەکانیان تازە بکەنەوە، چونکە لەئێستادا لوبنان دەوڵەتێکی دۆست نییە لەگەڵ کۆمەڵە تیرۆریستێك کە لە ژێرەوە خۆیان مەڵاس دابێت، لەم قۆناغەدا حزبوڵا توانیویەتی کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو وڵاتە بکات و حکومەت ناچاربکات کە پشت بە بوونی ئەو ببەستێت، هاوکات بەرپرسان وا هەڵدەسووڕێنێت کە بەرژەوەندییەکانی گەل پشتگوێ بخەن لەپێناو بەردەوامبوونی نەخشەکاری ئیقلیمیی ئێران. بۆیە ئەگەر رۆژئاوا شکستی هێنا لە داننان بەوەی کە لوبنان لە حزبوڵا جیانەبۆتەوە، ئەوا مەترسییەکە زیاتر دەبێت.

جێی باسە کە حزبوڵا سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ ململانێیەکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل، لەبەر دوو هۆی سەرەکی، هۆی یەکەم تازە نییە، ئەو حزبەو ئێران کە پشتیوانی لێدەکات دژی بوونی ئیسرائیلن، بەڵام هۆی دووەم لە کێشەی ئەم دواییەی حزبوڵاوە سەرچاوە دەگرێت کە پەیوەستە بە شەرعییەتی ئەو لە لوبناندا بەهۆی ئەو زیانانەی لە سووریا دوچاری بۆتەوە، لەئێستادا پێشبینی دەکرێت کە ئەو کێشەیە رێگربێت لەوەی کە حزبوڵا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، چونکە سەرانی ئەو حزبە نایانەوێت یەکسەر شەڕێك دەست پێ بکەن کە زۆر لە سەریان بکەوێتەوە، لەهەمان کاتیشدا پێشبینی دەکرێت کە تەنیا یەك هێرش بە دەرفەت بقۆزێتەوە ئەگەر بۆی رەخسا، بەمەش راستگۆیی خۆی لەسەر

**کلاوس نۆمـان سوپاسـالاری پێشـووی سـوپای ئەڵمانیـا و سـەرۆکی لیژنـەی سـەربازیی ناتـۆ بـووە و ئێسـتاش ئەندامـی پـرۆژەی گروپـی پلـە سـەربازییە باڵاکانە بـۆ دوورخسـتنەوەی شـەڕی سـێیەم لـە لوبنـان و دیراسـەتی وردی هەڕەشـە و مەترسـییەکانی حزبوڵای لوبنانـی، لـە پەنێڵێکـی ئامـۆژگای واشـنتۆن بـۆ دیراسـەتی رۆژهەڵاتـی نزیـك ژەنـراڵ نۆمـان بەمجـۆرە مەترسـییەکانی حزبـوڵای خسـتەڕوو.**



**کلاوس نۆمان**
سوپاسالاری پێشووی ئەڵمانیا

ئاستی ناوخۆ زیاتر دەسـەپێنێت، لەگـەڵ ئەوەشدا رەنگـە ئـەم هەنـگاوە ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی شـەڕێکی سەرتاسـەری، بـۆ نموونـە ئەگـەر هـەر مەزەندەیەکـی خـراپ، یـان کەموکورییـەك لـە زنجیـرەی سـەرکردایەتیکردندا ببێتـە هـۆی ئـەم هێرشـە ئـەوا بێگومـان زیانـی مرۆیـی زۆری لـە ئیسـرائیل لێدەکەوێتـەوە.

پێشـتر ویلایەتـە یەکگرتـووەکان هەنـگاوی ئەرێنـی هەڵێنابـوو بـۆ رێگرتـن لـە سـەرهەڵدانی شـەڕی سـێیەم لـە لوبنـان، ئەویـش بـە داننـان بـە بوونـی رەگ و ریشـەی ئێـران لـەو ململانێیـە درێژخایەنـەدا، هەروەهـا سـەپاندنی سـزا بەسـەر تـاران و حزبـوڵا، بـەڵام پێویسـتە رێوشـوێن و رێکاری بەپەلەو توند بۆ ئەم دۆخە بگیرێتەبەر، لـەم رووەوە پێویسـتە ئیـدارەی ترەمـپ بـە وردی ئاینـدە بخوێنێتـەوە و فشـاری سیاسـی و دارایـی بخاتە سەر حزبوڵا و حکومەتی لوبنـان و ئێران، هـاوکات بـە دەسـتەواژەی ئاشـکرا ئامـاژە بـەوە بـکات کـە ئیسـرائیل دژی هێرشـەکانی حزبـوڵا، مافـی خۆیەتـی بەرگـری لـە خـۆی بـکات.


بـە هەمـان شـێوەش دەبـێ حکومەتەکانـی ئەورووپا هـەوڵ بـدەن دان بـە راسـتیی بارودۆخەکـەدا بنێـن و وەڵامیـان هەبێـت. لـەوەش گرنگتـر ئەوەیـە کـە نـاوی رێکخـراوی حزبـوڵا بـە تـەواوی وەك قەوارەیەکـی تیرۆریسـت لەقەڵـەم بـدەن، هەروەهـا دووربکەونـەوە لـەو جیاکردنـەوە هەڵەیـەی کـە هەیـە لەنێـوان چالاکیـی سـەربازی و سیاسـیی ئـەو حزبـەدا.

پێویسـتە دیپلۆماسـییەتی نێودەوڵەتیـش دان بنێـت بـەو مەترسـییەی حزبـوڵا، بەتایبەتیـش پەیوەسـت بـە هێـزی کاتیـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە لوبنـان (یۆنیفیـل)، کـە تائێسـتا ئـەو هێـزە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنـاوە، یـان ئـەو بڕیـارەی کە رێگـە بە کردەوە سـەربازییەکانی دەدات، بۆیـە لەسـەر نەتـەوە یەکگرتـووەکان پێویسـتە هێـزی یۆنیفێل بەهێزتر بـکات و چـاو بـە فەرماندەکانیدا بخشێنێتەوە، چونکە لەئێستادا بەهێز نییـە، کاتی ئـەوە هاتـووە رێـکاری توندتـر بگیرێتەبـەر لەبـەر ئەو زیانانـەی کە رەنگـە شـەڕێکی دیکـە بەسـەر گەلـی لوبنـان و ئیسـرائیل و وڵاتانـی ئەورووپاییـدا بهێنێت، کـە بـە راسـتی لـە رەوشـێکی خراپـدان بـە هـۆی کێشـەی پەنابەرانـەوە.



# لێکدانەوەی شەڕی یەمەن بۆ ئایندەی عەرەبستانی سعودیە چۆن دەبێت؟





**سایمون هندرسون**
هاوڕێی بیکەرو بەڕێوەبەری بەرنامەی کەنداو و سیاسەتی وزەیە لە پەیمانگەی واشنتۆن

پشووی کۆتایی هەفتەی رابردوو بۆ شازادە محەمەد بن سەلمانی جێنشینی سعودیە هەمەجۆر و پڕ لە رووداو بوو، چونکە ١١ ئامۆزای خۆی دەستگیرکران لەچوارچێوەی هەڵمەتی دژە گەندەڵی و هاوکات پلانێکی ئەویش هەبوو بۆ دەست لەکارکێشانەوەی لەناکاوی سەرۆك وەزیرانی لوبنان، هەروەها خوێندنەوەیەکی گەشبینیانەی بۆ تویتێکی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ کە تێیدا هیوای خواستبوو کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی- ئارامکۆ- پشکەکانی لە بۆرسەی نیۆیۆرك بفرۆشێت، محەمەد بن سەلمان کە پێشبینی دەکرێت دوای شا سەلمانی باوکی حوکم بگرێتە دەست زنجیرەیەك هەنگاوی خێرای بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی گرتەبەر، لە هەمان کاتدا دەستگیرکردنی ملیاردێر و بزنسمانی

دەوڵەمەندی ناودار شازادە وەلید بن تەلاڵ بووە ناونیشانی میدیاکان، بەمەش وڵاتەکەی خۆی کرد بە میحوەرێك بۆ گواستنەوەو بایەخدانی دەنگوباس لە جیهاندا.

بەڵام ئەگەر لەنێو ئەمەدا بەدوای چیرۆکە راستەقینەکەدا بگەڕێن، ئەوا دەبێ بڕواننە رۆڵی ئێران، رۆژی شەممە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ریاز کرایە ئامانج، سعودیە نیمچە دڵنیایی هەبوو کە مووشەکێکی ئێرانی بووەو لە یەمەنەوە تەقێنراوە، ئەو ناوچەیەش لەژێر دەسەڵاتی یاخیبووانی حوسیدایە کە سەرۆك عەبد رەببە مەنسور هادی-یان ناچار کرد لە ٢٠١٥دا وڵات بەجێ بهێڵێت، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، لەو کاتەوە هاوپەیمانییەی کە سعودیە سەرۆکایەتیی دەکات هەوڵی داوە هادی بگەڕێنێتەوە دەسەڵات، ئەم هەڵمەتە بە ٧٨ مووشەك لە یەمەنەوە تەقێنراوە، لە ئاداری ٢٠١٥دا شا سەلمان لای وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا جۆن کیری کە بەسەدان هاتبووە وڵاتەکەی نیگەرانیی خۆی پیشاندابوو کە ترسی هەیە بە مووشەکی سکۆد لە دووری ٣٥٠ میل لە باکووری سنووری یەمەنەوە هێرش بکرێتە سەر شاری مەککە، بەڵام ریاز بە زیاتر لە ٧٠٠ میل لە یەمەنەوە دوورە، هێرشەکەی ئەم دواییەش جیاوازییەکی زۆری هەبوو و ئاماژەیشە بۆ پێشکەوتنێکی تەکنیکی خێراو گرنگ.

سەبارەت بە محەمەد بن سەلمان و سەرکردایەتیی سعودیە، دیارە هێرشەکان کە لە یەمەنەوە دەکرێنە سەر وڵاتەکەی جێگەی مەترسی ئەوو خۆشحاڵیی حوسییەکانە کە بە پشتیوانیی ئێران ئەنجامدەدرێن، رۆژنامەی (عەرەب نیوز) کە بە ئینگلیزی دەردەچێت هەفتەی رابردوو نووسیبووی کە هێرشە مووشەکییەکە جۆرێکە لە نیشانەکانی شەڕ لەلایەن ئێرانەوە، لەلای خۆشیەوە وەزیری دەرەوەی سعودیە عادل جبێریش دەڵێت: (وڵاتەکەی لەکاتێکی گونجاودا مافی وەڵامدانەوەی هەیە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی دوژمنکارانەی رژێمی ئێران، هەروەها رێگەنادەین ئاسایشی نیشتمانیمان پێشێل بکرێت).. هاوکات رۆژنامەکە لە زمانی سەرکردایەتیی هێزەکانی هاوپەیمانەوە بە سەرۆکایەتیی سعودیە ئەو هێرشەی وەك دوژمنکارییەکی ئاشکرای سەربازیی رژێمی ئێران وەسفکردووە.

لەرووی تەکتیکییەوە سعودییەکان و هاوپەیمانییەکانی لە ئیماراتی عەرەبی لە ئەرکی گێڕانەوەی هادی بۆ دەسەڵات لە یەمەن بەربەستیان بۆ درووستبووە، بەڵام لە رووی ستراتیژییەوە ئەوا هێرشە مووشەکییەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانەکە شکست دێنێت ئەمەش ئاراستەیەکە کە محەمەد بن سەلمان زۆر پەرۆشە پێچەوانەی بکاتەوە، ئەوانەی چاویان پێی کەوتووەو دەگێڕنەوە کە ئەو شازادەیە دەیەوێت بەرامبەر ئێران و بریکارەکانی زۆر توند و یەکلاکەرەوە بێت، هاوکات هێرشە مووشەکییەکانی دیکە وەك ئەوەی دوایی رەنگە کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیی بیانی ناچاربکات گەشتەکانیان بۆ ریاز رابگرن، بەڵام ئەو مەترسییە لەگەڵ دیدگای تازەی محەمەد بن سەلمان یەکناگرێتەوە سەبارەت بە سعودیەی تازە کە ئیسلامێکی میانڕەو پەیڕەودەکات، ئەو دیدگایەی کە لە میانی کۆنگرەیەکی گرنگی وەبەرهێنەرانی بیانی بەر لە چەند هەفتەیەك خستیەڕوو.

ململانێی سعودیە- ئێران بۆ سەردەمی پێش محەمەد بن سەلمان دەگەڕێتەوە، چونکە دوا گەڕی ئەو ململانێیە بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، سعودیە ئێران بە دوژمنی مێژوویی و ئیتنی خۆی لەقەڵەم دەدات، هاوکات وەك دوژمنێکی شیعەیە کە تەحەددای سعودیە دەکات لەکاتێکدا کە سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی سوننە دەکات، بەڵام ئامانجی ئێران بە درێژایی مێژوو بریتی بووە لە تێکدانی بارودۆخی ئێستا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستەبەری دەکات، ئامانجی ئێران لە مەودای کورتدا ئەوەیە کە سوود لە ئەنجامەکانی شەڕی عێراق و بەهاری عەرەبی وەربگرێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی بڵاوبکاتەوە و بگاتە هەموو کۆمەڵگە شیعەمەزهەبەکان لە سەرجەم ناوچەکەدا. لەئێستاشدا هەریەك لە بەغداو دیمەشق و سەنعا و بەیروت لای ئێران دەگرن، بەڵام سعودیە رابەرایەتیی دەوڵەتانی عەرەبی دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە دەرکەوتنی بەو شێوەیەی محەمەد بن سەلمان مانای وایە لەئێستادا ئایندەیەکی تازە بۆ ئەو وڵاتانە دێتەئاراوە( هەرچەندە ئەو شازادەیە دیموکراسیخواز نییە)، محەمەد بن سەلمان کە تەمەنی ٣٢ ساڵە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بە شتێکی گرنگ دەزانێت بەقەدەر ئەوەی کە گۆڕانکاری لە ئابووریی سعودیە رووبدات لەژێر پەردەی هەڵمەتی دژەگەندەڵی و یەکلاییکردنەوەی رکابەریی نێو ماڵی بنەماڵەی شا.

**محەمەد بن سەلمان کە پێشبینی دەکرێت دوای شا سەلمانی باوکی حوکم بگرێتە دەست زنجیرەیەک هەنگاوی خێرای بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی گرتەبەر، لە هەمان کاتدا دەستگیرکردنی ملیاردێر و بزنسمانی دەوڵەمەندی ناودار شازادە وەلید بن تەلاڵ بووە ناونیشانی میدیاکان، بەمەش وڵاتەکەی خۆی کرد بە میحوەرێک بۆ گواستنەوەو بایەخدانی دەنگوباس لە جیهاندا**

**لەرووی تەکتیکییەوە سعودییەکان و هاوپەیمانییەکانی لە ئیماراتی عەرەبی لە ئەرکی گێڕانەوەی هادی بۆ دەسەڵات لە یەمەن بەربەستیان بۆ درووستبووە، بەڵام لە رووی ستراتیژییەوە ئەوا هێرشە مووشەکییەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانەکە شکست دێنێت ئەمەش ئاراستەیەکە کە محەمەد بن سەلمان زۆر پەرۆشە پێچەوانەی بکاتەوە، ئەوانەی چاویان پێی کەوتووەو دەگێڕنەوە کە ئەو شازادەیە دەیەوێت بەرامبەر ئێران و بریکارەکانی زۆر توند و یەکلاکەرەوە بێت**

ئەوەی کە پەیوەستە بە ئێرانەوە، دیارە یەمەن لەژێر حوکمڕانیی عەلی عەبدوڵا ساڵح بە ڕێکەوت بۆتە ئامانج، هاوکات پشتیوانیی هۆزەکانی حوسی لەڕێی یارمەتیدانی بە ڕێکخستن و پارە تەنیا فێڵێك بووە، ڕاستە حوکمڕانیی ساڵح شکستی هێنا، بەڵام هاوپەیمانییەکی لەگەڵ حوسییەکان پێکهێنا دژی سەرۆك هادی کە لەئێستادا بەزۆر نیشتەجێی سعودییەیە، لەگەڵ ئەو هەموو چالاکییانەی هێزی ئاسمانیی سعودیە لە یەمەن، بەڵام لە ڕاونانی حوسییەکاندا شکستی هێنا، هەر چی هێزەکانی ئیماراتە زیاتر سەرکەوتنیان لە باشووری یەمەن بەدەستهێناوە، بە تایبەتیش لە دەوروبەری شاری عەدەن کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووبار، بەڵام هەر ئەو هێزانە لەو ناوچەیەدا لە لایەن چەند گرووپێکەوە لە شێوەی ڕێکخراوی قاعیدە کە ئەو ناوچانەی یەمەنیان کردۆتە مۆڵگەو پەناگەی خۆیان ڕووبەڕووی کێشەو هێرش دەبنەوە.

دیارە سەرکەوتنی ئێران لە پشتیوانیکردنی هاوپەیمانی حوسی لە یەمەن پاساوێکە بۆ دەستتێوەردانێکی گونجاو، ئەمەش پێشبڕکێیەك بوو و ئەنجامێکی دیاریکراوی لێکەوتەوە، بەر لە چەند مانگێك لە ژەنڕاڵێکی سعودیم پرسی کە لە سەردانی واشنتۆن بوو، ئایا ژمارەی ئێرانییەکان لە لەندەن چەندە، پێشبینیم دەکرد بە هەزاران یان سەدان کەس بن، بەڵام وەڵامی دامەوە: نازانم!.. پێموایە بەگوێرەی ئەو وەڵامانەی بە ناچارییەوە لە بەرپرسانم وەرگرت لە واشنتۆن ، ژمارەکە دەیان کەس بن، بە گوتەی ئەو بەرپرسانە چەند تیمێکی بچووك لە ئێرانەوە دێن و مەشق بە حوسییەکان دەکەن لەسەر سیستەمی چەکی هەمەجۆر و دواتر دەگەڕێنەوە، بۆیە لێرەوە لێکدانەوە دەکرێت بۆ ئەو مووشەکانەی لە ساڵی ڕابردوو لە کەنارەوە و لەسەر کەشتیی جەنگیی ئەمریکییەوە لە دەریای سوور تەقێنراون، هەروەها هێرشی بەلەمێکی بێ بەلەمەوان بۆ سەر کەشتییەکی سعودی لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا.

شارەزایانی مووشەك ئەم کارە دەدەنە پاڵ ئێران کە بەدرێژایی کات یارمەتیی جبەخانەی یەمەنیانیان داوە کە پڕیەتی لە مووشەکی جۆری سکۆد. هەندێ لە بەرپرسانی ئێران پێیان ڕاگەیاندم کە ڕەنگە ئێران چەندین عەمباری گەورەی سووتەمەنی و پارچەی یەدەگی بۆ یەمەن ڕەوانەکردبێت، بەڵام دیارە تێبینی ئەو هەوڵانە دەکرا تایبەت بە بەقاچاخبردنی تەواوی مووشەك کە پێمانوابوو ئەمە لای ئەمریکییەکان یاساغ بێت، لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە بەدواداچوونی بەرپرسانی هەوڵگری بۆ ئەو بارهەڵگرانەی پڕیانە لە عەمبار کە لە بارەگاو تونێلەکان بەتاڵدەکرێن کارێکی زۆر ئەستەم و سەخت بێت، هاوکات گواستنەوەی پارچەی یەدەگ بە نهێنی زۆر ئاسانتربێت(( وێڕای گەمارۆ و کەمیی خۆراك و یارمەتیی مرۆیی لە ناوچەکە کە لەژێر دەستی حوسییەکاندایە، گۆڤاری (زی ئیکۆنۆمیست) لە ژمارەی مانگی تەممووزدا نووسیویەتی کە شیرنەمەنی- باسکن ڕۆبنز- تائێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕێی بارهەڵگری بەستووەوە لە ڕێی وشکاییەوە لە سوڵتاننشینی عومانەوە دەگاتە سەنعا)). وا دیارە ئێران گەیشتۆتە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێنە ئاراوە تایبەت بە سەقامگیری لە فڕۆکەدا ئەوەش لەمیانی دوا تاقیکردنەوەی مووشەکیی لەنێو خاکی خۆیدا. وەڵامی سعودیە بۆ ئەو مووشەکەی کە شەممەی ڕابردوو تەقێنرا زۆر خێرا بوو، تەنانەت ڕیشەییش بوو، چونکە سعودیە ڕۆژی دواتر ڕایگەیاند کە هەموو سنووری وشکایی و دەریایی و ئاسمانیی خۆی لەگەڵ یەمەن دادەخات، هەروەها ڕیاز لیستێکی بە ناوو وێنەی ٤٠ حوسی بڵاوکردەوە کە بە تۆمەتی (تاوانی تیرۆر) داواکراون، هاوکات پاداشت بۆ ڕادەستکردنیان بەم شێوەیە تەرخانکرا: ٣٠ ملیۆن دۆلار بەرامبەر سەرکردەی حوسییەکان عەبدولمەلیك بەدر ئەلحوسی، ٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ دە کەس لە گەورە یاوەرەکانی، هەروەها ١٠ ملیۆن دۆلار بۆ پلەکانی دیکە و بەم شێوەیە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕیاز ئەو هەموو کاتە وەستا بوو بۆ پێشکەشکردنی ئەو پاداشتانە کە دەیزانی یەمەن شوێنێکە نرخی تێدایە تا دەگاتە ڕادەی وەلا. بۆیە لەجیاتی ئەوەی سەیری یەمەن بکرێت وەك دەوڵەتێکی لاوەکیی هەژار و بێ بایەخ، میر و شازادەکانی ئالسعود وەك خەنجەرێکی ژەهراوی بۆ سەر دڵیان وەسفی دەکەن، چونکە کوڕی سعود، باپیرەی محەمەد بن سەلمان هەروەك دەگوترێ پێشتر هۆشیاریی دابوو لەهەمبەر هەڕەشەی یەمەن کاتێ لەسەر مەرگدا بوو، بۆیە مادامەکی شەڕی ئیقلیمی بە وەکالەت لەگەڵ ئێران بەردەوام بێت، ئەوا یەمەن هەردەم وەك گۆڕەپانی سەرەکیی ئەم شەڕەو بەشێکی زیندووی تەماعکاریی ئیقلیمیی محەمەد بن سەلمان دەمێنێتەوە.

**ململانێی سعودیە- ئێران بۆ سەردەمی پێش محەمەد بن سەلمان دەگەڕێتەوە، چونکە دوا گەڕی ئەو ململانێیە بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، سعودیە ئێران بە دوژمنی مێژوویی و ئیتنی خۆی لەقەڵەم دەدات، هاوکات وەک دوژمنێکی شیعەیە کە تەحەددای سعودیە دەکات لەکاتێکدا کە سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی سوننە دەکات، بەڵام ئامانجی ئێران بە درێژایی مێژوو بریتی بووە لە تێکدانی باروودۆخی ئێستا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستەبەری دەکات**


**ڕیاز لیستێکی بە ناوو وێنەی ٤٠ حوسی بڵاوکردەوە کە بە تۆمەتی (تاوانی تیرۆر) داواکراون، هاوکات پاداشت بۆ ڕادەستکردنیان بەم شێوەیە تەرخانکرا: ٣٠ ملیۆن دۆلار بەرامبەر سەرکردەی حوسییەکان عەبدولمەلیک بەدر ئەلحوسی، ٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ دە کەس لە گەورە یاوەرەکانی، هەروەها ١٠ ملیۆن دۆلار بۆ پلەکانی دیکە**

## کۆتاییهاتنی داعش و سەرەتای قۆناغێکی دیکەی پڕ لە ململانێ

# لەگەڵ ئاوابوونی خۆری داعشدا هەڕەشە و مەترسییەکان کۆتایی نەهاتووە

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە سەرهەڵدانی داعش مایەی مەترسییەکی راستەقینە بوو، بە تایبەتی بۆ عێراق و سووریا. بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا توانراوە بە چەشنێك کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش بکرێت کە لەئێستادا مایەی نیگەرانییەکی کەمترە بۆ ناوچەکە، چونکە خاکی ژێر دەستی لەدەست داوە، هەروەها زۆرێك لە ئەندام و سەرکردەکانیشیان تیاچوون، هەروەها داهاتیشی لە دەست داوە و کە هۆکاری بنەڕەتی بوون و بەردەوامبوونیشی تەواو لاواز بووە، بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین خەلافەتەکەیان بە تەواوەتی تەفروتونا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئارادا نەمانی ئەم گروپە لایەنی سلبی خۆی هەیە، چونکە ئێمە بینیمان شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئەم گروپە تێکڕای جیهانی یەکخست، کە تەنانەت لایەنە رکابەرەکانیش توانییان زاڵبن بەسەر جیاوازییەکانیاندا. بۆ نموونە، تۆ بڕوانە کورد و میلیشیا شیعەکان پاڵنەری بەهێزیان هەبووە بۆ هێرشکردنەسەر داعش، بەڵام لەگەڵ داکشانی هەڕەشە و مەترسی داعشدا، بارگرژییەکانی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی بەرەو هەڵکشان چوون. هەروەها دەبینیت کە بارگرژییەکانی نێوان سعودیە و ئێرانیش زیاتر و زیاتر ئاڵۆز دەبن، بەتایبەتی لە شەش مانگی رابردوودا، کە پێموانییە ئەمە شتێکی رێککەوت بێت، واتە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان داکشانی هەڕەشەی داعش و هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان سعودیە و ئێران، چونکە دەکرا ریاز و تاران هاوڕا بوونایە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش. ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە سەردەم و رۆژگاری شەڕی سارد بدەینەوە، ئەوا لەو کاتەدا وەلائی لایەنەکان دیار بوو، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هەل و مەرجێکی تا رادەیەك هاوشێوەی سەردەمی شەڕی سارددا لە ناوچەکەدا دروست دەبێت، بەهۆی هەڵکشانی مەترسییەکانی نێوان سعودیە و ئێرانەوە، چونکە تۆ دەبینیت کە نەك تەنها هێزەکانی ناوچەکە بەڵکو لە سەرتاسەری

**حزبوڵا کاولکارییەکی زۆر دەکات لە باکووری ئیسرائیلدا و لە بەرامبەردا ئیسرائیلیش توانای گەورە سەربازییەکەی خۆی بۆ سزادانی حزبوڵا بەکار دەهێنێت**



نووسینی: پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهام

# ئەم وتارە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانە

**ماکس ئەبرامز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆرس ئیستێرن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی تیرۆریزم دەدات، بە شێوەیەکی دیاریکراو کار لەسەر پاڵنەر و ئاکامەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم دەکات. بۆ قسەکردنی لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە گروپە تیرۆریستییەکان و ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە دوای داکشانی ئەم گروپانە دێنەئاراوە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی پرسی بارگرژی ئیقلمی لە ناوچەکەدا بەهۆی لە ئارادا نەمانی هەڕەشە هاوبەشەکە- داعش-، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش پێی باش بوو لە شێوەی وتارێکدا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.**

جیهاندا هێزەکان هاوهەڵوێستیی خۆیان رادەگەیەنن بۆ یەکێك لەو دوو هێزە ئیقلیمییە گەورەیە، کە ئێمە دەتوانین بڵێین نزیکەی سەرجەم ناکۆکییەکانی ناوچەکە دەکەونە ژێر کاریگەریی ململانێی سعودیە و ئێرانەوە. کە ئێمە بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتەمان بینی لە سووریا، کە سعودیە پاڵپشتی لایەنە یاخیبووەکانی دەکرد و ئێرانیش پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد و حزبوڵا دەکرد. هەروەها بینیمان ئەم حاڵەتە بۆ یەمەنیش درێژ بووەوە، هەروەها لە لوبنانیشدا زیادی کرد، لەلایەکی دیکەوە ئیسرائیل زۆر بە پەنهانی و بێدەنگی هاوتەریبی سعودییە بووە لە دژی ئێران، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی چەندین پەرەسەندنی نیگەرانکار هەن. هەروەها ئێمە دەبینین کە پەرەسەندن و پێشهاتە ناوچەییەکان کاریگەری و ئاکامی نێودەوڵەتییان لێدەکەوێتەوە، واتە ئەگەری ئەوە هەیە پەلکێشی کاراکتەرە دەرەکییەکان بکەن، وەك ئەمریکا و رووسیا. کەواتە ئێستادا ئێمە لە دۆخی دوای داعشداین، کە رکابەری و ململانێی نێوان ئێران و سعودیە باڵی کێشاوە بەسەریدا.

## ● رکابەریی سعودیە و ئێران، ململانێیەکی کۆن و نوێ

ئاشکرایە کە بارگرژیی نێوان سعودیە و ئێران هەل و مەرجێکی نوێ نییە، بەڵام ئەم دوو هێزە توانییان جیاوازییەکانیان بخەنە لاوە لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەیەکی بە پەلەدا، کە لە داعشدا بەرجەستە ببوو، بەڵام لەگەڵ لە ئارادا نەمانی داعشدا، جارێکی دیکە ئەو رکابەرییەکە زەق بۆتەوە. لە راستیدا ئەوەی لەم هەل و مەرجەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە هەردوو ئەم وڵاتە دەستیان داوەتە هەڵمەتێکی چڕ و پڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێناوی بەدەستهێنان و راکێشانی هاوپەیمان بەلای خۆیاندا، تۆ دەبینیت کە سعودیە بەردەوام دەیەوێت تیشك بخاتەسەر ئەوەی کە ئێران لە هەوڵی بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆیدایە لە ئاست ناوچەکەدا و بەردەوام باس لەوە دەکات کە لە بنەڕەتدا ئێران دەیەوێت ببێتە هێزێکی هەژموونگەرا لە ناوچەکەدا

**ئیسرائیل دۆخێکی هاوشێوەی کوردستانی هەیە، لەو رووەوە کە دراوسێی دۆستی نییە، چونکە لەسەر سنووری باکووری ئیسرائیل ئەسەد و حزبوڵا بوونیان هەیە**

هەر لە کەنداوەوە تاوەکو شام. تەنانەت باس لەوەش دەکرێت کە ئێران دەیەوێت دەسترۆیشتوویی خۆی بۆ دەرەوەی ناوچەکەش درێژ بکاتەوە، بۆ نموونە بۆ ئەفریقیا. لە بەرامبەردا ئێران باس لە هەڕەشەی جیهادییە سەلەفییەکان دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەمە هەڕەشە راستەقینەکەیە، بۆ نموونە ئێران دەڵێت ئایا ئەنجامدەرانی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ئەمریکا ئێرانی بوون، یان سعودی؟ ئەمە لە کاتێکدا لە واشنتۆن دی سی، پتر پشتیوانی لە سعودیە دەکرێت، یان با بڵێین واشنتۆن دی سی زیاتر دژ بە ئێرانە، نەك سعودیە، هەروەها سەرجەم ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمریکا زیاتر نیگەرانن لەبارەی ئێرانەوە، نەك سعودیە، ئەو ناوەندانەی توێژینەوە زیاتر هاوڕان لەگەڵ سعودیە لە دژی ئێران. ئەو ناوەندانە پشتیوانی هەڵمەتە ئاسمانییەکەی سعودیە لە یەمەن دەکەن، هانی یاخیبووانی سووریایان دا لە دژی ئەسەد، ئەو ناوەندانە نیگەرانن لەبارەی بەرفراوانبوونی دەسترۆیشتوویی ئێران لە لوبناندا. هەروەها ئەوان پتر پشتیوانی کوردی عێراقن لە دژی گروپە شیعە میلیشیاگەرەکان.

## ● هەڵکشانی شەڕی بە وەکالەتی نێوان ئێران و سعودیە

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من پێشبینی شەڕێکی راستەوخۆ ناکەم لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، چونکە تا ئێستا شەڕی بە وەکالەتیان لەگەڵ یەکتردا کردووە کە پێموایە پشتیوانییەکانیان بۆ وەکیلەکانیان زیاتر دەکەن، بۆ نموونە، تۆ دەبینیت کە لە ئێستادا حوسییەکان پشتئەستور بە ئێران، سەرکێشی زیاتر دەکەن، هەروەها سعودیە بە شێوەیەکی راستەوخۆتر- بە بەراورد بە رابردوو- هەڕەشە لە لوبنان دەکات. کەواتە من پێشبینی درێژەکێشانی شەڕی بە وەکالەت دەکەم لەگەڵ زیادبوونی پشتیوانییەکانی ئەم دوو هێزە ئیقلیمییە گەورە رکابەرە بۆ وەکیلەکانیان.

## ● رەنگدانەوەی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا

دوایین جار کە لەگەڵ گۆڤارەکەتاندا دوام، باسم لەوە کرد کە ئاراستەی کارکردنی ترەمپ روون نییە لە ئاست ئێراندا، چونکە ترەمپ دژایەتی بێ پێچ و پەنای خۆی بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا خستەڕوو، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەدا بوو پشتیوانییەکانی بۆ یاخیبووانی لە پێناو رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەددا رابگرێت، مەبەستمە بڵێم کە ئەو زیاتر هاوڕا بوو لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێران لە سووریادا بە بەراورد بە ئیدارەی پێش خۆی-ئیدارەی ئۆباما-. بەڵام ئەوەی من لە ماوەی سەرۆکایەتیدا بەدیم کرد، سیاسەتی ترەمپ بە تەواوەتی تەرکیزی لەسەر دژایەتیکردنی ئێران گیرساوەتەوە و ئەمەش بە چەندین شێوە گوزارشتی لێکراوە. بۆ نمونە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا، پەمپیۆ، کەسێکی سەرسەختە لە ئاست ئێران، هەروەها ئەم دەزگایە چەندین بەڵگەنامەی ئاشکرا کرد- کە لە میانەی هەڵمەتەکانی دژ بە ئوسامە بن لادندا بەدەستی هێنابوون- لە رێی دامەزراوەی بەرگریکردن لە دیموکراسی و باس لەوە دەکەن ئێران پشتیوانی بۆ ئەلقاعیدە دەستەبەر کردووە، کە لە راستیدا ئەم ئاشکراکردنە کارێکی بە ئەنقەست بوو، بە ئەنقەست بووە لەبەر ئەوەی ویستیان ئەوە بخەنەڕوو کە ئێران کاراکتەرێکی خراپە. کەواتە ئاشکراکردنی ئەم بەڵگەنامانە و شێوازی ئاشکراکردنەکەی —کە لە رێی ئەو دامەزراوەیەوە بوو- ئاماژە بە شێوازی کارکردنی ئیدارەی ترەمپ. هەروەها من پێموایە ئەمریکا چەکی زیاتر بە سعودیە دەفرۆشێت، هەروەها چاوپۆشییەکی زیاتر دەکات — لەوەی سعودیە لە یەمەندا ئەنجامی دەدات-. هەروەها زیاتر جەخت لەسەر ئەو مەترسییە دەکاتەوە کە رووبەڕووی ناوچەی شام دەبێتەوە، ئەویش نەك لەلایەن داعشەوە، بەڵکو لەلایەن حزبوڵاوە. هەروەها ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات کە بڵێت ئێران پابەند نەبووە بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە و لە راستیدا دامەزراوەی بەرگریکردن لە دیموکراسی- کە ئاماژەمان پێکرد کار بەم ئاراستەیەدا دەکات.

## ● ئیسرائیل و حزبوڵا، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە لە نێوانیاندا

لە راستیدا ئیسرائیل دۆخێکی هاوشێوەی کوردستانی هەیە، لەو رووەوە کە دراوسێی دۆستی نییە، چونکە لەسەر سنووری باکووری ئیسرائیل ئەسەد و حزبوڵا بوونیان هەیە، لەگەڵ دەسترۆیشتوویی رووسیا و ئێراندا، لەگەڵ بوونی بەرەی نوسرە و ئەلقاعیدە و داعش لەو

**سیاسەتی ترەمپ بە تەواوەتی تەرکیزی لەسەر دژایەتیکردنی ئێران گیرساوەتەوە و ئەمەش بە چەندین شێوە گوزارشتی لێکراوە.**

**سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا، پەمپیۆ، کەسێکی سەرسەختە لە ئاست ئێران، هەروەها ئەم دەزگایە چەندین بەڵگەنامەی ئاشکرا کرد- کە لە میانەی هەڵمەتەکانی دژ بە ئۆسامە بن لادندا بەدەستی هێنابوون- لە رێی دامەزراوەی بەرگریکردن لە دیموکراسی و باس لەوە دەکەن ئێران پشتیوانی بۆ ئەلقاعیدە دەستەبەر کردووە**

**هەل و مەرجێکی تا رادەیەک هاوشێوەی سەردەمی شەڕی ساردا لە ناوچەکەدا دروست دەبێت، بەهۆی هەڵکشانی مەترسییەکانی نێوان سعودیە و ئێرانەوە**



وڵاتـەدا. لـە بنەڕەتـدا ئیسـرائیل هەڕەشـەی ئێران بـە هەڕەشـەیەکی لـە پێشـینە دادەنێـت لەسـەر بوونـی خـۆی. هەروەهـا ئێمـە دەزانیـن ئـەو وڵاتـە چەندیـن هێرشـی ئاسـمانی لـە سـووریادا ئەنجـام داوە، کـە هەمـوو ئەوانـەش هێرشـبوونە بـۆ سـەر ڕژێمـی ئەسـەد و حزبـوڵا، بـەڵام هەرگیـز هێرشـی نەکردۆتـە سـەر داعـش کـە گروپێکـی سـوننەی تیرۆریسـتییە، کەواتـە ئیسـرائیل بـە شـێوەیەکی پەنهانـی بـەڵام بـە شـێوەیەکی کارا بەرەنـگاری درێژبوونـەوەی دەسترۆیشـتوویی ئێرانـی بـۆ سـەر سـنوورەکانی باکـووری وڵاتەکـەی کـردووە. ئێمـە دەزانیـن کـە لـە ساڵی ٢٠٠٦دا ئیسـرائیل و حزبـوڵا شـەڕێکی زۆر خوێناوییـان لـە دژی یـەك بەرپـا کـرد، هەروەهـا مایـەی کاولکارییەکـی زۆر بـوو بـۆ هـەردوو لایەنـی شـەڕەکە، کـە لـەو کاتەشـەوە هـەردوولا پتـر بەهێـز بـوون، بەتایبەتـی حزبـوڵا، هیـچ کاتێـك هێنـدەی ئێسـتا حزبـوڵا مایـەی هەڕەشـە و مەترسـی نەبـووە بـۆ سـەر ئیسـرائیل، چونکـە ئێسـتا خاوەنـی چـەك و ڕۆکێتـی زیاتـرە، هەروەهـا ڕەنگـە خاوەنـی چەکـداری زیاتـر بێـت، ئەویـش بەهـۆی چوونـی ئـەو هەمـوو شـیعەیەوە بـۆ سـووریا، لەئێسـتادا دەسترۆیشـتوویی ئێـران لـە ناوچـەی شـامدا زۆر بەهێـزە، ڕووسـیا سیسـتمێکی بەرگـری ئاسـمانی بەهێـزی جێگیـر کـردووە بـە نـاوی ئێـس ٤٠٠، کـە هەمـوو ئەمانـە دۆخێکـی پـڕ مەترسـییان بـۆ ئیسـرائیل دروسـت کـردووە. بـەڵام هەرچۆنێـك بێـت، پێموایـە حزبـوڵا و ئیسـرائیل کاراکتـەری عەقڵانیـن و نایانەوێـت ئـەو کاولکارییـەی پێشـوویان بەسـەر بێتـەوە، هـەر ئەمـەش هـۆکاری ئەوەیـە کـە سـەرەڕای دوژمنایەتـی نێوانیـان سـنووری نێوانیـان بـە ئارامـی ماوەتـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا، پێموایـە درەنـگ یـان زوو شـەڕێکی دیکـە لـە نێوان حزبـوڵا و ئیسـرائیلدا دێتەئاراوە کـە شـەڕێکی وێرانکاریـش دەبێـت، چونکـە حزبـوڵا کاولکارییەکـی زۆر دەکات لـە باکـووری ئیسـرائیلدا و لـە بەرامبـەردا ئیسـرائیلیش توانـای گـەورە سـەربازییەکەی خـۆی بـەکار دەهێنێـت بـۆ سـزادانی حزبـوڵا.

**نزیکەی سەرجەم ناکۆکییەکانی ناوچەکە دەکەونە ژێر کاریگەری ململانێی سعودیە و ئێرانەوە. کە ئێمە بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتەمان بینی لە سووریا، کە سعودیە پاڵپشتی لایەنە یاخیبووەکانی دەکرد و ئێرانیش پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد و حزبوڵا دەکرد**




## نەدیم شەهدی

تایبەتمەندی کاروباری لوبنان بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەعد حەریری دەستی لەکار نەکێشابایەوە کارەکانی حزبوڵای لوبنان شەرعیەتییان وەردەگرت

پرۆفیسۆر نەدیم شەهدی بەڕێوەبەری سەنتەری «فارێس» بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە قوتابخانەی «فلێتچەر» لە زانکۆی تافتس، هەروەها توێژەرە لە پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە لە ئامۆژگای چاتەم هاووس، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦-٢٠٠٥دا بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی لوبنانی بووە، تایبەتمەندە لەسەر مێژوو و کەلتوور و کۆمەڵگەی لوبنانی و و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. بۆ قسەکردن لەبارەی دوایین پەرەسەندنەکانی لوبنان، بەتایبەتی دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە و تۆمەتبارکردنی ئێران بە دروستکردنی دووبەرەکی و کاولکاری، هەروەها بۆ شیکردنەوەی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چۆن گۆڕانکاری یاخود پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی وڵاتی لوبنان لێکدەدەنەوە، بەتایبەتی دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیران، ڕەفیق ئەل حەریری؟**

- لە راستیدا ئەوەی لەئێستادا روودەدات قەیرانێکی سیاسییە کە وڵاتی لوبنانی پێدا تێدەپەڕێت. هەروەها ئەمە رەنگدانەوەی بارودۆخە ئیقلیمییەکەشە، لەو رووەوە کە سەرتاپای ناوچەکە بەرەو لێواری رووبەڕووبوونەوە دەڕوات نەك بە ئاقاری ئاشتەوایی و رێککەوتندا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێران و بە هێزە وەکیلەکانیەوە. کەواتە ئەوەی روویدا لە بەشێکیدا پەیوەستە بە هەلومەرجە ئیقلیمییەکەوە. لە هەمان کاتدا ئەمە هەڵوێست، یان هەنگاوێکی ژیرانە بوو لەلایەن رەفیق ئەل حەریرییەوە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی مانەوەی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا وەك پشتیوانییەك دەردەکەوت بۆ جموجووڵەکانی حزبوڵا لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، واتە مانەوەی دەبووە هۆی شەرعیەتدان بە کارەکانی حزبوڵا. کە ئێمە دەزانین بەم دواییە چەند جموجوڵێك لەلایەن هاوپەیمانەکانی رژێمی ئەسەدەوە لە لوبناندا ئەنجام دراون بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو رژێمەدا. بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی لوبنان دیداری لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سووریادا ئەنجامدا، وەزیری سەر بە حزبوڵا لە حکومەتی لوبنانیدا سەردانی دیمەشقی کرد. بەڕێوەبەری هەواڵگری سەردانی دیمەشقی کرد بۆ ئەوەی هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەری هەواڵگری ئەو وڵاتەدا بکات. کەواتە مانەوەی حەریری لە پۆستی سەرۆکی حکومەتدا وا دەردەکەوت کە شەرعیەتدان بێت بەم هەڵسوکەوتانە. کە ئەگەر وای نەکردایە، ئەوا دەبوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا باجەکەی بدایە، کەواتە هۆکاری زۆر لە ئارادا بوون بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە بگرێتەبەر و لە پۆستی سەرۆکی حکومەت بکشێتەوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین بە جۆرێك لە جۆرەکان دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشبینیکراو بوو؟**

- نەخێر، پێشبینیکراو نەبوو، ئەمە گومانی لەسەر نییە، چونکە ئێستا ئێمە دێین و دوای رووداوەکە شرۆڤەکاری دەکەین، بەڵام پێشوەختە نەماندەتوانی پێشبینی دەست لەکارکێشانەوەکەی بکەین. دوای ئەوەی ئێمە دەزانین کە لە ماوەی رابردوودا حەریری چەندین سازشی کردووە و ئەم سازشانەش هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی وڵاتەکە سەقامگیر بێت و بوار بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بڕەخسێت، بەڵام لە لەبەرامبەر ئەم سازشانەی حەریریدا لایەنی بەرامبەر کە حزبوڵایە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی رووبەڕووبوونەوەی دەگرتەبەر، واتە نەمانبینی لایەنی بەرامبەر بە هەمان شێوە سازش بکات.

*** بەڵام ئەو تەنانەت باسی لەوە کرد کە ژیانیشی لە مەترسیدایە؟**

- راستە، ئەمەی راگەیاند، هەروەها ئەگەر ئێمە دیققەت لەوە بدەین کە ئەو لە وڵاتی عەرەبستانی سعودییەوە ئەمەی راگەیاندووە، ئەوا ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو پشتیوانی سعودیەی لەگەڵدایە.

*** بەڵام هەر باس لەوەش دەکرێت کە ئەم بڕیارە سعودیە سەپاندوویەتی بەسەر حەریریدا، ئایا ئەمە راستە؟ ئەگەر راست بێت سعودیە دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت و چ پەیامێك بگەیەنێت؟**

- لە راستیدا سعودیە دەیەوێت زیاتر رووبەڕووی ئێران بوەستێتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەمە سیاسەتێکی سلبی یان ئیجابییە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە سعودیە دەیەوێت سیاسەتێکی توند بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران بگرێتەبەر.

*** ئەی چۆن وەسفی سیاسەتی ئێران دەکەیت لەم رووەوە؟**

- واقیعەکە ئەوەیە کە ئێرانیش لە ماوەی رابردوودا سیاسەتێکی رووبەڕووبوونەوەی توندتری گرتۆتەبەر، ئێمە رەنگدانەوەی ئەم سیاسەتەمان بینی لەسەر هەرێمی کوردستان، هەروەها بەم دواییە بینیمان کە مووشەك ئاراستەی ریاز کرا لەلایەن حوسییەکانەوە کە ئەم جۆرە مووشەکانە لەبەردەستی میلیشیاکاندا نین، بەڵکو ئێران دەستەبەری کردووە و ئەمەش وەك دەستدرێژکاری ئێران لێکدرایەوە. کە وێنای ئەوە دەکەم ئەمە لە هەولێریش دووبارە ببێتەوە.

*** لە ئێستادا زۆر باس لە ئەگەری شەڕێکی دیکەی نێوان حزبوڵا و ئیسرائیل دەکرێت، ئایا پێتوایە ئاماژەکانی ئەو شەڕە لە ئاسۆدا دەرکەوتوون، ئایا رووданی ئەو شەڕە ئەگەرێکی نزیکە؟**

- لە راستیدا بۆ ماوەیەکی درێژە شەڕی حزبوڵا لە لوبناندا ئەگەرێکەو لەئارادا بووە، دەست لەکارکێشانەوەی حەریری نەبووە هۆی زیادکردنی

**خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئێستا روودەدات کە بریتییە لە بەکارهێنانی سوپای پاسداران بۆ شەڕکردن لە دژی داعش**

**وەزیرەکانی حزبوڵا لە حکومەتی لوبناندا سەردانی سووریایان کردووە، لە کاتێکدا کابینەی حکومەتەکە دەنگی لە دژی ئەم سەردانانە داوە. کەواتە حزبوڵا لە دەرەوەی رێککەوتنەکان و کۆدەنگیدا کاردەکات**

**لە لوبناندا کار لەسەر بناغەی سازشکردن و ڕێککەوتن دەکرێت لە نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکاندا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە حزبوڵا زۆرێک لەو ڕێککەوتنانە دەشکێنێت و پێشێلیان دەکات**

**سەرتاپای ناوچەکە بەرەو لێواری ڕووبەڕووبوونەوە دەڕوات نەک بە ئاقاری ئاشتەوایی و ڕێککەوتندا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێران و بە هێزە وەکیلەکانیەوە**

ئەگەری ئەو شەڕە و نە بووە هۆی کەمکردنەوەی.

*** باشە بۆ باست لەوە کرد کە لەئێستادا ناوچەکە پتر بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە دەڕوات، نەك لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن، ئایا لەم هەلومەرجەدا ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ئیقلیمی سەرتاسەری دەکرێت؟**

- من پێموایە شەڕ ئەو کاتە ڕوونادات کە پێشبینی دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕاستە ئاماژەی هەڵکشانی گرژییەکان لە ئارادان و باس لەبەرپابوونی شەڕ دەکرێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە شەڕ هەڵگیرسێت. دواتر شەڕی ئیقلیمی زیاتر لەو کاتانەدا هەڵگیرساوە کە کەمترین پێشبینی بۆ کراوە. لەبەر ئەوە من پێشبینی ڕوودانی شەڕ ناکەم، هەرچەندە پێم وانییە ئەگەرەکانی هاتنەئارای ئەو شەڕەی گۆڕاون. بۆ نموونە دەکرا پێش دەست لەکارکێشانەوەی حەریری-یش ڕووی بدایە.

*** هەر لە پەیوەندی بە حزبوڵای لوبنانییەوە، ئایا پێتوایە ئەو حزبە بە تەواوەتی باڵادەست بوو بەسەر پرۆسە سیاسییەکەوە لە لوبناندا؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە لە لوبناندا کار لەسەر بناغەی سازشکردن و ڕێککەوتن دەکرێت لە نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکاندا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە حزبوڵا زۆرێك لەو ڕێککەوتنانە دەشکێنێت و پێشێلیان دەکات. یەکێك لە ڕێککەوتنە سەرەکییەکان ئەوە بوو دەستێوەردان لە سووریادا نەکات، بەڵام ئەوەتا دەبینین کە حزبوڵا بە تەواوەتی تێوەگلاوە لە سووریادا. هەروەها وەزیرەکانی حزبوڵا لە حکومەتی لوبناندا سەردانی سووریایان کردووە، لە کاتێکدا کابینەی حکومەتەکە دەنگی لە دژی ئەم سەردانانە داوە. کەواتە حزبوڵا لە دەرەوەی ڕێککەوتنەکان و کۆدەنگیدا کاردەکات. کەواتە لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر حەریری لە پۆستەکەیدا بمایە شەرعییەتی بەم جموجوڵانە دەدا، بەو مانایەی کشانەوەی ئەو بە مانای کشاندنەوەی شەرعییەت دێت لەو کارانە، چونکە چیتر وەزیرەکانی حزبوڵا لە حکومەتی لوبنانیدا ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە نوێنەری حکومەتن لە میانەی ئەنجامدانی ئەو کارانەدا.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت ئایا دەکرێت وەك ئاماژەی هەڵکشانی بارگرژی تایفەگەری لە نێوان سعودیە و ئێراندا لێك بدرێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم پرسە لایەنێکی تایفەگەرییش لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسیشە، بەڵام بێگومان ئەمە هەنگاوێکی زیاترە بە ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو لاوە. ئێران هەمیشە هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوە دەگرێتەبەر و لە هیچ شوێنێکدا سازشی نەکردووە.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئێران سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەکەی باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەکەدا؟**

- ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی نوێ نییە، چونکە ئێران سوودێکی زۆری وەرگرتووە لە کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە و لەو بۆشاییەی جێی هێشتووە.

*** هەروەك دەزانن کە ئێران ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە ڕزگارکردنی ڕژێمی ئەسەددا و بەم دواییە توانیویەتی شیعەی چەندین وڵات، وەك لوبنان و عێراق و ئەفغانستان و تەنانەت پاکستانیش لە سووریادا کۆبکاتەوە بۆ شەڕکردن لە پێناوی ئەسەددا، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

- لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە ڕاستن و ئەمەش بەلای کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە، یاخود دەتوانین بڵێین لە ساڵی ٢٠١٣وە ئەمە ڕوودەدات، ئەویش دوای ئەوەی حزبوڵا دەستێوەردانی کرد لەو وڵاتەدا و میلیشیاکان لە عێراق و ئەفغانستانەوە چوونە ئەو وڵاتەوە، لەگەڵ سوپای پاسداراندا. کەواتە پێموایە ئەم بارودۆخە بۆ ماوەیەکی زۆرە لە ئارادایە، بەڵام ئەوەی نوێیە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەکەیە، ئەوەی لەلایەن حوسییەکانەوە و بە پشتیوانی ئێران دەکرێت نوێیە، واتە هەڵدانی مووشەك لەلایەن حوسییەکانەوە بە ئاراستەی سعودیە نوێیە و مەترسیدارە، واتە ئەوەی نوێیە ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکەش بەشدارن لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا.

*** باشە زۆرجار ئیسرائیل گوزارشت لە نیگەرانیی خۆی دەکات لەبارەی ئەوەی کە بوونی ئەو میلیشیا شیعانە لە سووریا، بەتایبەتی لە نزیك سنووری ئیسرائیل و بەرزاییەکانی جۆلان مەترسییەکی ئەمنی بۆ سەر ئیسرائیل دروست کردووە، تا چەند ئەم نیگەرانییانە پاساوی واقیعییان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم مەترسییانە بەلای ئیسرائیلەوە مەترسیی ڕاستەقینەن. هەروەها بەم دواییە باسیان لە نیگەرانی خۆیان کرد لەبارەی بوونی



سەرکردەکانی حزبوڵڵا لە بەرزاییەکانی جۆلان، گرنگ نییە ئەمە راست بێت، یان نا، بەڵام بارودۆخەکە هەڵگری مەترسییەکی راستەقینەیە. هەروەها ژمارەی ئەو رۆکێتانەی حزبوڵڵا هەیەتی لە سووریا و لوبنان مەسەلەیەکی جددییە و هەر بەم شێوەیەش لێی دەڕوانرێت لەلایەن ئیسرائیلەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، ئایا پێتوایە شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەسەد توانی خاکی زیاتر بەدەست بهێنێتەوە و دەسەڵاتی خۆی زیاتر بچەسپێنێت؟**

- لە راستیدا من بارودۆخەکە بە هەلومەرجی ساڵی ١٩٩١ی عێراق بەراورد دەکەم، کە لەو کاتەدا هەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هەم سزا سەپێندرا بەسەر عێراقدا، هەروەها لەو کاتەدا راپەڕین لەلایەن کورد و لە باشووریشەوە روویدا، بەڵام بە ئامانجی زیانگەیاندن بە رژێمەکە بوون، نەك رووخاندنی. واتە پێموایە لە ساڵی ٢٠١٣وە سیاسەتەکە زیانگەیاندن بووە بە رژێمی سووریا، بە بێ ئەوە هەوڵی ئەوە بدرێت ئەو رژێمە بڕووخێندرێت.

*** باشە ئەی پێشبینی دەکەیت ئەو چارەسەرە سیاسییەی لە سووریا دێتەئاراوە، چۆن دەبێت؟**

- من پێشبینی هاتنەئارای چارەسەر سیاسی ناکەم لە سووریادا و پێموایە بارودۆخەکە بەو شێوەیە درێژە دەکێشێت کە لە پرسیاری پێشووتردا ئاماژەم پێکرد.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ناوچەکە چین؟**

- من پێموایە ئەم ناوچەیە دوچاری شەڕشۆڕێکی زۆر بۆتەوە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەمە سنوورێکی بۆ دابنرێت و بگرە پێچەوانە بکرێتەوە، دواتر ناکرێت تۆ بە سوپای پاسداران شەڕی داعش بکەیت، واتە دەبێت هەم بەرەنگاری داعش و هەم بەرەنگاری سوپای پاسداران ببیتەوە لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. پێموایە ئەمە باشترین سیناریۆیە بێتەئاراوە. خراپترین سیناریۆش ئەوەیە کە ئێستا روودەدات کە بریتییە لە بەکارهێنانی سوپای پاسداران بۆ شەڕکردن لە دژی داعش.